# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی نۆهەم ژمارە (193) بەرواری 15–6–2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



بەبۆنەی هەفتەی مەنسور حیکمەت... بابەتێکمان لەژێر ناوی "دووبارە خوێندنەوەی سەرمایەی مارکس" - کە وتارێکە لە ئەنجومەنی مارکسی لەندەن - شوباتی ٢٠٠١ پێشکەشکراوە بۆ ئامادەکردوون کە وەڵام بەچەند پرسیار دەداتەوە

...ل 9_10

## وتەی ژمارە

# پەیوەندی نێوان گرفتی موچە و فیدرالیزم و دەستور!!

**عەبدوڵا مەحمود**



پرسی دواکەوتن و نەدانی موچە، زیاتر لە دەساڵە بۆتە موتەکەی سەر دڵی فەرمانبەران و گرفتێکی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەوە لە کاتێکدایە داهات و سامانی عێراق و کوردستان، بە ئەندازەی وڵاتانی کەنداو زیاتریش خاوەنی نەوت و سامانی سروشتی و سەرچاوەکانی داهاتە، کە دەتوانێت باش بژیوی و خزمەتگوزاری و ژێرخانی تۆکمەی ئابوری و سیمایەکی یەکجار جوان و مەدەنی ببەخشێتە شار و شارۆچکەکانی و هیچ هاوڵاتیەک هەست بە گرفتی نەبوونی و بێکاری لاوازی خزمەتگوزاری نەکات، کەچی سەرباری زۆری ئەم سەروەت وسامانە بێ شومارە بەتایبەت نەوت و غاز، کەچی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراق و کوردستان بەدەست گرانی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان و نەبوونی و هەلی کار و بەتایبەتیش لەگەڵ پرسی کەمی موچە، لێبرین و نەدانی موچە بەرەو روون. بەتایبەتی فەرمانبەرانی کوردستان لەململانێی دوو بەرەی دەسەڵات بەدەستی بۆرژوازیدا "بۆرژوازی کورد و عەرەب" لەسەرەتاییترین مافی خۆیان کە موچەیە بێبەش کراون و کراونەتە قوربانی ململانێیەکی سیاسی و تالانچیانەی کەم وێنە لە دنیادا. هەر یەک لەم دوو بەرەیەی بۆرژوازی بە پاساوی پوچ و شانی خۆیان لە دابینکردنی موچە دەدزنەوە و ئۆباڵی ئەم تاوانکارییە دەخەنە سەرشانی یەکتری. بۆرژوازی لە عێراقدا هۆکاری راگرتن و نەدانی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی هەرێم و بە پابەند نەبوون بە رێکەوتنەکان لەوانە رادەست نەکردنی نەوت بە سۆمۆ، رادەستنەکردنی داهاتی نانەوتی و ناخۆیی، پابەندنەبوونی بە تەوتینی موچەخۆران، فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ و...تاد. لە کاتێکدا باش دەزانن ئەوەی پابەند بە رێکەوتتنەکان نییە، نەوت رادەست ناکات، داهاتی ناوخۆی قۆرغ دەکات، گرێبەستی جیاجیا لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکات، فەرمانبەران و موچەخۆران و خەڵکی کوردستان نیین، بەڵکو ئیلیت و خانەوانەی دەسەڵات بەدەستی بۆرژوازی کوردن و کە هاوپەیمان و بەشدار لەدەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان. لەبەرامبەردا بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، بەغدا بە برسیکردنی خەڵکی کوردستان،

بۆ لاپەڕە 2

# فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردستان پێویستە لە رێگای ئیرادە نواندنی سەربەخۆی خۆیان، کۆتایی بە کێشەی موچە و دواکەوتنی بهێنن...




فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردستان زیاتر لە١٠ساڵە گرفتی موچەیان هەیە. ئەم گرفتە بۆتە هۆی تایبەتمەندیەکی دەورەیەکی دورودرێژ و ژیانکوژ. ئەگەر وەکو ئەوەی دەسەڵاتی بەغدا بانگەشەی دەکات، دەسەڵاتی هەرێم نەوت رادەستی سۆمۆ ناکات، داهاتی نا نەوتی نادات بە بەغدا، خۆی لە پرسی تەوتین دەدزێتەوە، نەوت بە قاچاغ دەفرۆشێت، گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکات بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا. ئەوە هێندەی پابەند نەبوونی دەسەڵاتی هەرێمە بە ڕیکەوتنەکانی لەگەڵ بەغدا، سەد ئەوەندە ستەمە لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتیش موچەخۆران. هەموو ئەو

بۆ لاپەڕە 3

## کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری لە کوردستان، لە ڕاگەیەنراوێکدا، ڕێگەیەک بۆ هاتنەمەیدانی جەماوەری وچارەسەری پرسی موچە دەخاتە ڕوو...ل3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- ژن, ژیان, ئازادی و نەتانیاهۆ...........................................................ل4
- لە داهاتی نەوت تێر نابێت, فیرعەون چاوی بریوەتە موچەی فەرمانبەران..............ل4
- پرسی رۆژ تایبەتە بە ئاڵۆزییەکانی کالیفۆرنیا و پەنابەران..............................ل5
- هاوڕایی لەگەڵ کامیان؟ ئێران یان ئەمریکا؟...........................................ل5
- شورای کرێکاران چییە؟.................................................................ل6




## دۆسیەی ژمارە "دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی ناوچەکە, پرسی کورد و پەکەکەو موچە و رۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان"

هاوڕێ نەجمەدین فارس وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل11-12-13


ل7_8 ئەدەب و هونەر

ل5 پرسی رۆژ

## درێژەی وتەی ژمارە

پاشگەزبوونەوەی لە دەستور و فیدرالیەت و بڕینی قوتی هاولاتیان تۆمەتبار دەکات، ئەوە لەکاتێکدایە ئەو دەسەڵاتە رۆژانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت، دەستی لە کێڵگە نەوتیەکان، بازرگانی، خاڵە سنورییەکان، داهاتی ناوخۆیی تر لەچەشنی سەرانە، باج و رسومات، داهاتی کارگەو کارخانەو بەشێکی زۆری وەزارەت و فەرمانگەو بەڕیوەبەرایەتیەکان و بەڵیندەرێیەتیەکان و ...تاد گیرکردووە. هاوکاتیش بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بەشی بودجە شایستەی دارایی هەرێم، وەکو هاوبەش و بەشدار لەدەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا وەردەگرێت کەچی شانی خۆی لە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم خاڵی دەکاتەوەو بەغدا بە بەرپرس لە دابینکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەزانێت. بەم شێوەیە فەرمانبەرانی کوردستان کە زوربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان پێکدەهێنن بوونەتە قوربانی دەستی ئەم دوو باڵە دەسەڵات بەدەستەی بۆرژوازی لە عێراقدا. ئەوەی جێگای لێرامانە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەغدا بە پابەند نەبون بەدەستور و پاشگەزبوونەوە لە فیدرالیزم تۆمەتبار دەکات، لە کاتێکدا ئەوەی روودەدات و ململانێی نێوان بەغداو هەرێمی کردۆتە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی عێراق و دەرهاویشتەکانی کە جەماوەری چینی کریکار و خەڵکی بێبەش دەکاتە قوربانی، بەرهەمی ڕۆتینی و ئاسایی فیدارلیزم و دەستورە و لە جێگیربوونی تەواوەتی ئەم فیدرالیزم و دەستورەدا، قوربانی سەرەکی بەجیا لە چینی کریکار و جەماوەری بێدەرەتانی عێراق، بۆرژوازی کوردە. بۆرژوازی کورد

بەپێی دەستورو فیدرالیزم، سەرچاوەکانی داهات و سامان لەوانە "نەوت و غاز"، هێزی بەرگری و پاراستنی سنور، سوپا، پەیوەندییەکان... لەدەستی دەسەڵاتی ناوەندی فیدرالی عێراقدایە، کەچی دەسەڵاتی هەرێم بەهۆی ناجێگیری دەسەڵاتی فیدرالی لە عێراقدا و هاوسەنگی هێز مل کەچی دەسەڵاتی فیدرالی و دەستور نییە. بەبەرچاوی دەسەڵاتی فیدرالی و لە ژێر سایەی دەستوردا، هەم خاوەنی هێزی چەکدار و ئەمنی و هەواڵگری و پەیوەندییە ناوچەییی حزبی و هەژموونی سنورەکانی بەدەستەوەیە هەم خەریکی فرۆشتن و بە قاچاغ و دەرهێنانی نەوت و بەستی گرێبەستی ئابوری و بازرگانی و دەستگیرکردنە لەسەرجەم داهاتی نانەوتی و ناوخۆییدا، کە ئەمانە هەموویان لە بەپێی دەستور و دەسەڵاتی فیدرالی دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندیدا بن، کەچی لە بەرامبەر بە نارەزایەتی بەغدا و دەسەڵاتی فیدرالیدا، دەسەڵاتی بەغدا بە پابەند نەبوون بە فیدرالیزم و دەستور تۆمەتبار دەکات. ئەوە لە کاتێکدایە هەر کاتێک دەسەڵاتی ناوەندی بتوانێت دەسەڵاتی فیدرالی لە عێراقدا بەپێی دەستور لە دەستی خۆیدا

لەپێناو بەشی دەسەڵات و داهات، پەنجەمۆری فیدرالیزمی کردووە، دەستوری پەسەند کردووەو بە شانازییەوە وەکو دەستکەوتێک باسی دەکەن، زیاد لە پێویست لەدەسەڵاتی فیدرالی، دەسەڵاتیان قورغ کردووە، زیاد لە پیویست مل کەچی دەستور نابن... و دەسەڵاتێک کە هەیانە لە دەسەڵاتی فیدرالی زیاترە و قۆرغکارییەک کە دەیکەن واوەتر لە مافە دەستورییەکانە، کەچی بەغدا تۆمەتبار دەکەن.

بەتەواوەتی قوتبی بکاتەوە، بەتەواوەتی پرسی دەرهێنانی نەوت وغاز و گرێبەستەکان و فرۆشتنی لەدەستی دەسەڵاتی هەرێم دەردەهێنێت و سزای قاچاخچیانی فرۆشتنی نەوت دەدات. هاوکات هیزی چەکداری حزبی و ئەمنی و هەواڵگری و هیزی پاراستنی سنور و هەڵدەوشێنێتەوە یان تیکەڵی سوپاو هیزی ئەمنی و بەرگری عێراقی دەکات. پەیوەندییەکانیش دەخاتە ناوچوارچێوەی دەسەڵاتی سەراسەری فیدرالیەوە. ئەوەی ئێستا دەکرێت و لە ئارادایە بە پابەند نەبوونی هیز و لایەنە سیاسیەکان چ لە ئاستی عێراق و چ لە کوردستان، لاوازی و جێگیر نەبوونی دەسەڵاتی فیدرالی سەراسەری و نە چەسپینی دەستورە. فیدرالیزم و دەستور دوانە چەکی لێهەڵپیکراوی بۆرژوازی عیراقن بۆ گێرانەوەی سەروەری بۆرژوازی عێراقی و دابەشکاری نێوان باڵەکانی لە ئاستی عێراقدا بەپێی هاوسەنگی هێز. فیدرالیزمی قەومی و دەستور، لەگەڵ ئەوەدا هەڵگری فایرۆسی زۆر مەترسیدارن بۆ هاولاتیانی عێراق و لەسەر دابەشکاری قەومی و دینی و مەزهەبی تایفی بیناکراوە تا مافی هاولاتی بوونی یەکسان حاشا لێبکات، هاوکات قوربانی ئەم ڕیکەوتنەی فیدرالی، دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە. بۆرژوازی کورد و هێزەکانی بە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنێشەوە کە بەغدا بە لایەنی سەرەکی و بەرپرس لە دابینکردنی موچە دەزانن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر بەغدا لەپاڵ دەرهێنانی پرسی نەوت و غاز و بریاری سیاسی لە دەستی دەسەڵاتی هەرێم و زاڵکردنی و جیخستنی دادگای فیدرالی و بریارەکانی، پرسی دابەشکردنی موچەش بگرێتە ئەستۆ، چ بۆ دەسەڵاتی هەرێم دەمێنێتەوە؟ هەرێم حکومەت و پەرلەمانی" ئەگەر کارتۆنیش" بێت بۆ چییە؟ حکومەت و پەرلەمان!! ئەگەر مافی فەرمانڕەوایی سیاسی و بریاری سیاسی و ئابوری و ڕیگەپێدراو بۆ گرێبەست و بازرگانی و خاوەنی هیزی چەکدار و دەزگای ئەمنی سەربەخۆ نەبێت، چ کارەیە؟ فیدرالیزم و دەستور هەموو مافێکی سەرەکی بە بۆرژوازی عێراقی و دەسەڵاتی ناوەندی داوە لە زەمینەی ئابوری و ئەمنی و بەرگری و پەیوەندییەکان خاوەن بریار و دەسەڵاتی خۆجێی و هەرێمەکان دەبێ پابەندی دەسەڵاتی فیدرالی ناوەندی بن. دیارە لەو نێوەدا بەهۆی ئەوەی فیدرالیزم و دەستور لە هاوسەنگی هیزێکی تایبەتیدا و لەسەر بنەمای قەومی و دینی و مەزهەبی تایفی ڕیکەوتنی لەسەر کراوە، لەگەڵ هەر تیکچوونێک لە هاوسەنگی و ترازانی باڵانسی نیوانیان، دەرکەوتەکانی وەکو کیشە خۆیان نیشان دەدەن و دەبنە سەرچاوە و کوانوی دوبارە سەرهەڵدانەوەی گرفتە کۆنەکان و سەرهەڵدانی گرفت و کیشەی نوێ...

ململانێی سەرەکی نێوان باڵەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا لەسەر دەسەڵات و داهات و سامان "بۆرژوازی شیعە، بۆرژوازی سونە، بۆرژوازی کورد" لە بنەرەتدا، ریشەی لە دوبارە دامەزراندنەوەی ستراکتۆری دەوڵەتی عێراقدایە لەسەر بنەمای دەستور و فیدرالیزمی قەومی. ململانێی نیوان بەغدا و هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە تا دەگات بە ئێستا، ریشەی لە دەستور و فیدرالیزمی قەومی دایە و پرسی موچەش کراوەیە یەکێک لەو گرفتانە، لە کاتیکدا لەهیچ جیگایەکی دنیا پرسی موچە و فەرمانبەران نابێ و نەبۆتە گرفتی دەسەڵاتە فیدرالییەکان و ناکۆکی نێوانیان و دوور لە ململانێی سیاسی راگیراوە. بۆئەوەی ئەم پرسە، پرسی موچەی فەرمانبەران دوربخرێتەوە لە ململانێی سیاسی و کۆتایی بەو گرفتە بێت، ئەمەش بەبێ هاتنەمەیدانی فەرمانبەران و موچەخۆران و پشتیوانی کۆمەڵگە لێیان، بەبێ ڕێکخراوبوون و هاوئاهەنگی و ئیرادە نواندی سەربەخۆ لە تواناادا نییە.

**ئەوەی جێگای لێرامانە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەغدا بە پابەند نەبوون بەدەستور و پاشگەزبوونەوە لە فیدرالیزم تۆمەتبار دەکات، لە کاتێکدا ئەوەی روودەدات و ململانێی نێوان بەغداو هەرێمی کردۆتە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی عێراق و دەرهاویشتەکانی کە جەماوەری چینی کریکار و خەڵکی بێبەش دەکاتە قوربانی، بەرهەمی ڕۆتینی و ئاسایی فیدارلیزم و دەستورە و لە جێگیربوونی تەواوەتی ئەم فیدرالیزم و دەستورەدا، قوربانی سەرەکی بەجیا لە چینی کریکار و جەماوەری بێدەرەتانی عێراق، بۆرژوازی کوردە....**

**بۆرژوازی لە عێراقدا کە هۆکاری راگرتن و نەدانی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتی هەرێم و بە پابەند نەبوون بە رێکەوتنەکان لەوانە رادەست نەکردنی نەوت بە سۆمۆ، رادەستنەکردنی داهاتی نانەوتی و ناخۆیی، پابەندنەبوونی بە تەوتینی موچەخۆران، فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ و...تاد. وە باش دەزانن ئەوەی پابەند بە رێکەوتنەکان نییە، نەوت رادەست ناکات، داهاتی ناوخۆی قۆرغ دەکات، گرێبەستی جیاجیا لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکات، فەرمانبەران و موچەخۆران و خەڵکی کوردستان نیین، بەڵکو ئیلیت و خانەوانەی دەسەڵات بەدەستی بۆرژوازی کوردن کە هاوپەیمان و بەشدار لەدەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان...**

# درێژەی: فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردستان پێویستە لە ڕێگای ئیرادە نواندنی سەربەخۆی خۆیان، کۆتایی بە کێشەی موچە و دواکەوتنی بهێنن...

مامەڵەیەی دەسەڵاتی هەرێم دەیکات لە فرۆشتنی نەوتەوە بۆ گرێبەستی غاز و بە قاچاغ بردنی نەوت، دەستگرتن بەسەر داهاتە نانەوتی و ناوخۆیی...تاد، لە جێگای ئەوەی ببیتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و گرانی و بوژانەوەو پتەوکردنی ژێرخانی هەرێم و زامن بوونی موچە و خزمەتگوزارییەکانی دانیشتوانی، بۆتە مایەی خستنە ژێر قەرزی خەڵکی کوردستانەوە و بێ موچەیی و بێخزمەتگوزاری ژیان و گوزەرانی فەرمانبەرانی ڕووبەڕووی سەختی و سەرجەم کۆمەڵگەی لەگەڵ دۆخێکی نەخوازراو بەرەو ڕوو کردووە. جیا لەوانە دەسەڵاتی بەغدا باش دەزانێت ئەوەی نەوت دەفرۆشێت و دەستی بەسەر داهاتەکانی کوردستاندا گرتووە سەرقاڵی گرێبەستی ترە و پابەندی ڕێکەوتنەکان لەگەڵ بەغدا نییە، دەسەڵاتی سیاسی هەرێمە، نەک خەڵکی کوردستان و فەرمانبەران.



وزارة المالية
الدائرة المحاسبة/ مكتب المدير العام
العدد:
التاريخ:

Republic of Iraq
Ministry of Finance
No:
Date:
١٤٥٠٢
39351
2025/05/28

الى/حكومة اقليم كردستان – العراق مجلس الوزراء/ممثلية حكومة الاقليم في بغداد/ رئيس الممثلية

م/تمويل شهر مايس /٢٠٢٥

تحية طيبة...

نشيركم الى ما ورد بكتب وزارة المالية والاقتصاد / المديرية العامة للمحاسبة / الحركة النقدية التابعة لحكومة اقليم كردستان المرقمة (٤/٧/ ٤٩٤٣ و ٤/٧/ ٤٩٤٤ و ٤/٧/ ٤٩٤٥ و ٤/٧/ ٤٩٤٦ و ٤/٧/ ٤٩٤٧ و ٤/٧/ ٤٩٤٨ و ٤/٧/ ٤٩٤٩ و ٤/٧/ ٤٩٥٠ في ٢٠٢٥/٥/٢٤) ونشيركم بما جاء بكتابي ديوان الرقابة المالية الاتحادي / مكتب رئيس الديوان المرقمين (٩٢٣٩/١٥/١/١ و ١٣٤٥٩/١٥/١/١ والمؤرخة في ٢٠٢٥/٤/٩ و ٢٠٢٥/٥/٢٠) المتضمن مقدار الايرادات النفطية وغير النفطية والمدققة من قبل ديوان الرقابة المالية الاتحادي و رقابة حكومة اقليم كردستان المرفق نسخة منه طياً في حين المسلم الى حساب الخزينة العامة للدولة في الحساب الذي تم فتحه استناداً الى احكام المادة (١٣/اولاً/أ) من قانون الموازنة الاتحادية رقم (١٣) للسنوات (٢٠٢٣/٢٠٢٤/٢٠٢٥) وبلغ (١٩٩,٣٤٦,٢١١,٨٧٧) دينار ( مائة وتسعة وتسعون مليار و ثلاثمائة وستة واربعون الف ومائتان واحدى عشر الف و ثمانمائة وسبعة وسبعون دينار) المسلمة لغاية شهر نيسان/٢٠٢٥

وبلغت الايرادات النفطية وغير النفطية حسب تقرير ديوان الرقابة المالية بموجب كتابيهم اعلاه وكتاب اقليم كردستان (٢٨٨٤/٤/١٣ في ٢٠٢٥/٤/٢٠) وكما مبين في الجدول أدناه

| سنة | الايرادات النفطية | الايرادات غير النفطية | مجموع الايرادات الكلية | المسلمة للحكومة الاتحادية | المتبقي |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٣ | ٤,٧٠٨,٥٨٧,٨٥٥,٤٠٠ | ٤,٦٥٦,٥٥٤,٤٨٣,٤٦٨ | ٩,٣٦٥,١٤٢,٣٣٨,٨٦٨ | — | ٩,٣٦٥,١٤٢,٣٣٨,٨٦٨ |
| ٢٠٢٤ | ٤,٧٠٦,٤٣٠,٣٩٠,٠٠٠ | ٤,٧٠٠,٠٠٩,٩٢٦,٧١٣ | ٩,٤٠٦,٤٤٠,٣١٦,٧١٣ | ٣٩٩,١٦٨,٩٦١,٥٠٠ | ٩,٠٠٧,٢٧١,٣٥٥,٢١٣ |
| ٢٠٢٥ | — | ١,١٦٦,١٢٥,٩٥٧,٧٣٠ | ١,١٦٦,١٢٥,٩٥٧,٧٣٠ | ١٩٩,٣٤٦,٢١١,٨٧٧ | ٩٦٦,٧٧٩,٧٤٥,٨٥٣ |
| مجموع | ٩,٤١٥,٠١٨,٢٤٥,٤٠٠ | ١٠,٥٢٢,٦٩٠,٣٩٧,٩١١ | ١٩,٩٣٧,٧٠٨,٦١٣,٣١١ | ٥٩٨,٥١٥,١٧٣,٣٧٧ | ١٩,٣٣٩,١٩٣,٤٣٩,٩٣٤ |

پاساوەکانی بەغدا و پاساوەکانی دەسەڵاتی هەرێم، لە پەیوەند بە زامن نەبوونی موچەی فەرمانبەران پوچ و بێناوەرۆکن. هەوڵەکانی هەردوو لاش بۆ ڕێکەوتن و سازان، پەیوەندی بە پرسی موچەوە نییە، پرسی موچە بۆ دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا، پرسێکی ڕوکەشە کە لەسەر پرسە بناغەییەکان ڕۆنراوە. ململانێی بەغدا و هەرێم، ململانێی نێوان باڵەکانی بۆرژوازییە لەسەر دەسەڵات و قورغکردنی سامان و داهات، لەهەلومەرجێکی نوێ بە پاساوی تازەوە. دەسەڵاتی هەرێم دەیەوێت کەڵک لە گوشارەکانی سەر بەغدا وەربگرێت و خواستەکانی خۆی بسەپێنێت، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی ناوەندی چەندەش لە ژێر گوشاری دەرەکیدا بێت، ترسی لەدەسەڵاتی هەرێم نییەو دەزانێت هیچ کارتێکی بەهێزی بەدەستەوە نییە، بۆیە مل بەخواستەکانی نادات و هەڕەشەکانی بە هەند وەرناگرێت.

لەو نێوەدا موچەخۆرانی هەرێم و خەڵکی کوردستان نابێ هیچ چاوەڕوانیەکیان لە دەسەڵاتی بەغداو هەرێم بێت بۆ چارەسەری پرسی موچە، لەجێگای ئەوە پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و بڕیار لەسەر هەنگاوەکانیان بدەن بۆ گوشار خستنە سەر هەردوو دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم تا پرسی موچە چارەسەر ببێت...
هەنگاوی یەکەم لەو ڕاستایەدا، ڕەتکردنەوەی وەفدی هەرێمە لەگەڵ بەغدا و ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە وەفدەکانی هەرێم و بەغدا دوور و نزیک نوێنەرایەتی پرسی موچەو فەرمانبەران ناکەن. هەنگاوی دووەم وەڵامدانەوەی پاساو بیانوو پوچەکانی بەغدا و هەرێمە لەسەر پرسی موچە و گەیاندنیەتی بەرای گشتی خەڵکی کوردستان. هەنگاوی سێیەم ڕاکیشانی پشتیوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە و پشتیوانی ڕێکخراوە کرێکاری و سەندیکا کرێکاری و جەماوەری و پیشەییەکانی دنیای دەرەوە. هەنگاوی چوارەم دروستکردنی پەیوەندی و پەردانە بە هاوکاری و نیوان موچەخۆرانی کوردستان لەگەڵ فەرمانبەرانی عێراق و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری. هەنگاوی پێنجەم دەستدانە کۆبونەوەو خۆپیشاندان و مانگرتن لەبەردەم بارەگاو دامەزراوە پەیوەندیدارە خاوەن بڕیارەکانە. هەنگاوی شەشەم ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی و لە جوڵە خستنی کۆمەڵگەیە. هەنگاوی حەوتەم گوشار دروستکردنە لەسەر سەرچاوەکانی داهاتی دەسەڵاتی هەرێم ڕاگرتنیانە، بۆنموونە ڕێگەگرتن لە دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتیەکان، ڕێگەگرتن لە تانکەرە نەوتەکان...تاد. هەشتەم لەهەر دامەزراوەیەکدا کە داهاتی هەیە، کەڵک وەرگرتن لێی لەلایەن نوێنەرانی ئەو جێگایانە بۆ خودی فەرمانبەران و بەڕیوەبردنی کاروبارەکانی ئەو جێگایانە...تاد..... هەرکام لەو هەنگاوانە دەتوانێت ببێتە گوشار و خستنە رووی ئیرادەو توانایی گەورەی خودی فەرمانبەران و کۆمەڵگە کە زۆر گەورەترە لە توانایی حزبەکانی دەسەڵات و کاوێژکارە موچە خۆرەکانیان. گومان لەوەدا نییە ئەگەر فەرمانبەران بە شێوەی ڕێکخراو سەراسەری و یەکپارچەو هاوئاهەنگ بێنە مەیدان، چ دەسەڵاتی بەغدا و چ دەسەڵاتی هەرێم ناچار دەبن، کۆتایی بە گرفتی پرسی موچە بهێنن و تیکەڵی پرسە سیاسیەکانی نەکەن.

# دەبێ سیاسەتی ستەمکارانەی هەردوو دەسەڵات لە پەیوەند بەبرسیکردنی مووچەخۆران ڕابگیرێت!

کاتی تەوقیتکردنی لێدانی زەنگی بێمووچە بڕینی مووچەخۆرانی کوردستان لە یەکەمین ئێزگەی گەرانەوەی سەرۆک وەزیرانی هەرێم بۆ کوردستان لێدرا، لە دوای واژۆ کردنی ئەو دوو ڕێکەوتننامانەی کە لەگەڵ دوو کۆمپانی ئەمەریکیدا ئەنجامدرا، ئەم هەنگاوە حکومەتی عێراق بە پێشلکاری یاسایی لەقەڵەمدا، بۆیە کاتێک کە پانۆرامای دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ زلکردنەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە کەوتەڕی جەنجاڵێک بەرپابوو حکومەتی عێراق بە تووندی هاتە سەرخەت و لە زمانی وەزارەتی دارایی عێراقەوە ڕۆژی ٢٨ ی ئایار، ڕایگەیاند کە شایستە داراییەکانی هەرێم کۆتایی هاتووەو بۆ ئەمسال هیچ برە پارەیەک بۆ هەرێم نانێرین چونکە حکومەتی هەرێم پابەند نەبووە بە ناردنی داهاتی نەوتی نانەوتی بۆ حکومەتی فیدراڵ. هاوکات حکومەتی هەرێمیش بە پاساوی هەمان دەستور و یاساو ڕێسا ئەوکارە بە مافی خۆیان دەزانن!




بۆیە دوابەدوای ئەم پەرچەکردارە لەماوەی ئەم دە ڕۆژەدا ژمارەیەکی زەبەلاح لە وەزیرو وەزارەت و پەرلەمان و پەرلەمانتار و سەرۆک و سەرۆکایەتی جەنگی نائومێدکردنی مووچەخۆرانی کوردستان بەگەڕخست کە جگە لە پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان هیچ مانایەکی تری نیە بۆ ژیانی ئەو خەڵکە ستەملێکراوە، بەدڵنیاییە ئەمە لەکاتێکدایە کە خالی هاوبەشی هەردوولا سوکایەتی کردنە بە عیزەت و کەرامەتی هاولاتیان و سەرقاڵ کردنیان بە پاساوهێنانەوەی دان و نەدانی مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان، کە لە ڕاستیدا هەردوو تەرف شێنی هەریسەکەو بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکەن، نەک خەمی ماف و ئازادیەکانی هاولاتیانێک کە لە نێوان بەرداشتی هەردوو دەسەڵاتدا ژیانی پڕ لە ژانیان بەتەواوی وێرانکراوە!
بۆیە لەبارودۆخی پڕ قەیراناوی ناوچەکەداو لەگەڵ ئەگەری ئەو گۆرانکاریانەی کە عێراق بە کوردستانیشەوە پەلکێشی نێو قەیرانگەلێکی تر کردووەتەوە نە هاولاتی بوون و مافی یەکسان هیچ مانایەکی هەیەو نە شێنی کوردایەتی پارتی و حکومەتی هەرێم نانێک بۆ سەر سفرەی مووچەخۆران زیاد دەکات.

ئێمە دەزانین نە هەرەشەو سەرەڕۆییەکانی پارتی بۆ داکۆکیکردنە لە مافەکانی مووچەخۆرانی کوردستانەوە نە حکومەتی فیدراڵیش کێشەکەی تەنیا ملنەدانی حکومەتی هەرێمە بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و ڕاسپاردانەی کە پێشتر بۆیان دیاری کراوە. مەگەر پێشتر حکومەتی عێراق چەندین جار ڕاینەگەیاند کە کێشەی مووچە کۆتایی هاتووەو مووچەخۆرانی کوردستان پێویستە بە ماف و مستەهەقاتی تری خۆیان بگەن. مەگەر پێشتر مووچەخۆران زیاتر لە پەنجا مووچەیان حەپەلوش نەکرا بەناوی پاشەکەوت کردنەوە، مەگەر لە جەرگەی نەدانی مووچە بە مووچەخۆران، وەزیری دارای هەرێم بڕیاری لێبڕینی مستەهەقاتی خانەنشینی بە ڕێژەی ٣٪ بۆ ماوەی دە ساڵی ڕابردوو ڕانەگەیاند!.
ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی وگۆرانکاری هەردوو تەرەفی ئەم شەڕو برسی کردنە بەتاوانبار دەزانێت لە بەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی مووچەخۆری کوردستاندا. ئێمە وەک کۆنگرەی ئازادی وگۆرانکاری
لەبەرامبەر بەم سیاسەت و یاریکردنەی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بغداد دژ بە مووچەخۆران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان ئەو ڕێگەیە دەخاتە ڕوو کە، مووچەخوران و خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە خۆیان بۆ دەورەیەکی تر لە نارەزایەتی ئامانجدارو بەپلان و یەکگرتوو ڕێکخراو ئامادە بکەن، کە هەر ئێستە کۆنگرەی ئازادی دەستبەکاری خۆئامادە کردنە بۆ ڕێکخستن و سەروسامان پێدانی ئەو نارەزایەتیەی کە پێویستە لە ئاستێکی فراواندا خۆی نمایش بکات، بۆیە لەمبارەشەوە داوا لە هەموو ڕێکخراو هەڵسوراوان و ئازادیخوازان دەکەین کە دەرگای ڕاوێژو وتوێژ بکەینەوە بە ڕووی ئەو ڕێگەو ڕەوشت و ئامادەکاریانەدا کە نارەزایەتی دەربڕینێکی فراوان و سەراسەری و کارای پێویستەو ئەم کارە دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ڕزگار بوون لەم ستەمکاری و ناعەدالەتیەی کە ژیانمانی کردوەتە دۆزەخ!

**ڕێکخراوی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری**
**٨/٦/٢٠٢٥**



# "ژن، ژیان، ئازادی" و ناتانیاهۆ!

نووسینی: ئیبراهیم حسێن

ناتانیاهۆ کە نوێنەری دەوڵەت و ڕاستیکی دینی و عیرقیە و تا ئێستا هەموو بەشەریەتی ناوچەکەی ڕووبەڕوی تەنگانەیەکی گەورە کردۆتەوە و چەند میلیۆن دانیشتوانی غەززە و خەڵکی فەڵەستینی بە پێی سیاسەتی پاکتاوکردن و ئاپارتایدیکی بێشەرمانە لە منداڵ و پیر و گەنج فەڵەستینی دەربەدەر و بێماڵ و حاڵ کردوە و گۆڕیونی بە ئاوارەی دەوار نشین، کە تەنانەت ڕێگەی کۆمەکە ئینسانیەکانیشی لێگرتون، خەریکە بێشەرمانە ڕۆژ بە شیعاری خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانەوە، بە شیعاری ژنان و کچان و میلیۆنان هاوڵاتی ئەو وڵاتەوە لێدەدا کە لە گۆڕانی ڕژێمێکی تری دینی و کۆنەپەرستی هاوشێوەی دەوڵەتی مەزهەبی ئیسرائیل بەرزیان کردبوویەوە. ئەمە ئیهانەیەکی حەقیرانەی شعوری ئازادیخوازانەی ژنان و بەشەریەتێکی تێنوی ڕزگاری لە حکومەتە دینی و کۆنەپەرست و چنگ بە خوێنە بۆرژواییەکانی وەکو حکومەتی ئاخوندەکانی ئێران و حکومەتی خاخامە چنگ بە خوێنیەکانی وەکو دەوڵەتی نەژادپەرستی ئیسرائیلە.


تا ئێرە واقیعاتێکی تاڵ و دەردناک کە ئەم دوو هێزە کۆنەپەرست و چنگ بەخوێنە دینی و مەزهەبیە بۆرژواییە سەپاندویانە بەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی تەواوی ناوچەکەدا، گەواهیەکی زیندوی ئەم ڕاستیەیە کە تا ئەم هێزانە دەوڵەت بن و چارەنوسی ئەو کۆمەڵگەیانەیان لە دەست دابێ، نەک هەر ئازادی و خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان و بەیەکەوە هەڵکردن، بەڵکو تەنانەت ئیمکانی هیچ ئاسایش و ئارامیەکی پایەدار لە ناوچەکە دا لە ئاسۆ دا نییە.

ئەگەر ڕزگاربوون لە حکومەتی ئاخوندە چنگ بەخوێنەکانی ئێران خەون و خواستێکی ڕەوا و ملیۆنی و مەرجێکی گرنگی ئارامی و ئاسایش ڕزگارییەکی گەورەتری سۆشیالیستی و سکولار و ئازادیخوازانەیە لە ئێران و ناوچەکەدا، ئەوا بە هەمان ڕاددەش ڕزگاربوون لە دەسەڵات و حکومەتی نەژادپەرست و چنگ بە خوێنی ڕاستی ئیسرائیلی ئەمڕۆ و جڵەوکردنی و لغاوکردنی و کردنەدەرەوەی لە مەیدانی کێشمەکێشی سیاسی و دەسەڵاتی دەوڵەتی و ناچارکردنی بەوەی دەست لەو هەموو تاوان و کاولکارییە هەڵبگری مەرجێکی تری ڕزگاری مرۆڤایەتی کرێکار و زەحمەتکێش و بەدیهاتنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی ئارامتر و شایستەترە بە ژیانێک کە مرۆڤی ئەم سەردەمە شایەنیەتی.

پۆزلێدانی ناتانیاهۆ بە شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە شیعاری چینی کرێکار و ژن و لاو و مرۆڤایەتی ئازادیخوازە لە ئێران بۆ ڕزگاری لە حکومەتی ئاپارتایدی دینی بۆرژوایی ئێران، ناتوانی چارەی ئەو ئاپارتاید و پاکتاوکردن و قرکردنە سیستەماتیکە لە چاوی مرۆڤایەتیەوە بشارێتەوە کە ناتانیاهو و دەوڵەتە دینی و کەللەشەقەکەی بە بەرچاوی دنیا و بە پشتیوانی و چاوپۆشی ئەمریکا و دۆستەکانی تری دیموکراسی ڕۆژئاوا پیادەی دەکەن.

ئەم دوو هێزە ئەم دوو کابوسە لە هەردوو بەرادا دەبێ بە هێزی ئینسانیەت کۆنترۆڵ بکرێن و پاساوە پوچە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکەکانیان بۆ ڕاپێچکردنی چارەنوسی بەیەکەوە ژیان و بە یەکەوە هەڵکردنی مرۆڤایەتی کرێکار و زەحمەتکێش بەرەو تونێلێکی تاریکتر لەوەی تا ئێستا هەبوە و گەرمکردنی تەنوری جەنگ و کوشتار و وێرانکاری زیاتر، پوچەڵ بکرێنەوە و تورهەڵبدرێن.

ئەم جۆرە پاساوە پوچانە مرۆڤایەتی کرێکار و زەحمەتکێش لە هەر ڕاچەنین و هاتنەمەیدانێکی جیددیدا لەگەڵ خودی ئەم ڕژێم و دەسەڵاتە دینی و کۆنەپەرستانەدا فرێدەداتە زبڵدانەوە.



# لە داهاتی نەوت تێر نابێت فیرعەون چاوی بڕیوەتە مووچەی فەرمانبەران!

**هەڵوێستەیەک لەسەر پەیامەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان!....**

نووسینی: ڕیبوار یاسین فتاح

جەناب... مەسعود بارزانی

بەها زەوتکراوەکانم بۆ بگەڕێنەرەوە.. ئەوکات باسی کەرامەتم بۆ بکە..!!

بیرەنەوتەکانی ئێوە بۆ ئێمە .. کەرامەت بۆ ئێوە!!

کۆمپانیاکانی نەوت و پاڵاوگەکانی ئێوە بۆ ئێمە .. کەرامەتیش بۆ ئێوە..!!

پارەی نەوتی قاچاغ و گومرگ و باجەکان بۆ ئێمە..

ڕۆژانە (٣٠٠) هەزار بەرمیل بۆ ئێمە، کەرامەتیش بۆ ئێوە!!

فڕۆکە تایبەتەکانی ئێوە بۆ ئێمە.. کەرامەتیش بۆ ئێوە!!

بانکەکانی ئێوە بۆ ئێمە .. دیسانەوە کەرامەت بۆ ئێوە!!

ڤیلاو کۆشکەکانی ئێوە بۆ ئێمە.. چەندین باری کەرامەتیش بۆ ئێوە!!

ڕەتلی سەیارەکانی ئێوە بۆ ئێمە.. قوربان دەیان عەمباری کەرامەتیش بۆ ئێوە!!

گردەکان و هاوینەوارەکانی ئێوە بۆ ئێمە.. کەرامەتیش بۆ ئێوە!!

مووچە زەبەلاحەکانی ئێوە لەبەغدا بۆ ئێمە.. سەد باری حوشتر لەکەرامەتیش بۆ ئێوە!!

دەسەڵات و ئەسپ و سەیارەو کۆمپانیا و زانکۆ و پاسەوانی منداڵەکانی ئێوە بۆ منداڵەکانی ئێمە، برادەرینە کەرامەتیش بۆ ئێوە..

ئەوکات من ڕێز لەو کەرامەتەی کە تۆ باسی دەکەی دەگرم!!

کەرامەت خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ (بەهاو شکۆ و نرخ و قیمەتی) هەبێ، نەک سواڵکەر بێ، کاتێ ئەو بەها زەوتکراوانەی منت بۆ گەڕاندمەوە، ئەوکات منیش ڕێز لە مۆراڵ و ئەخلاقت دەگرم، چونکە سێکوچکەی کەرامەت ( بەها و ئەخلاق و مرۆڤ بوونە).

من دڵنیام کاتێ ئەو شتانەت لێبسەنرێتەوە، ئەوکات تێدەگەی، کەرامەت پاراستن و بێ کەرامەتی مانای چییە و چەند قورسە

بەڵام ئەوەش ڕاستە دەڵێن :- (هەرکەسەو بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێ، کە نیەتی.!!)

ئەمە گەورەترین گەندەڵیە لە مێژووی حکومڕانی پارتی و یەکێتیدا"

لە ماوەی ٣٠ مانگی ڕابردوودا، پارتی و یەکێتی نزیکەی (٢٦٠ ملیۆن) بەرمیل نەوتیان فرۆشتووە، یەک دیناریان نەداوەتە وەزارەتی دارایی هەرێم، یەک دیناریشیان نەداوەتە وەزارەتی دارایی عێراق، لە نێوان خۆیاندا بە ڕێژەی پشکی جیا دابەشیان کردووە.

ئێستە وەزارەتی دارایی بەغدا هەموو پارەی ئەو نەوتەی لەسەر پشکی مووچەو بودجەی خەڵکی کوردستان ئەژمار کردووە (لە نووسراوەکەدا بەرمیل بە بەرمیل ئاماژەی پێکردووە)!.

بە پێی نووسراوەکەی وەزارەتی دارایی بەغدا کە پشتی بە ڕاپۆرتی هاوبەشی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم و بەغدا بەستووە، بڕی ( ٩،٤١٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) واتە نۆ ترلیۆن و چوارسەدوو چواردە ملیار دینار، بڕی خەمڵێنراوی پارەی ئەو نەوتەیە کە پارتی و یەکێتی بە قاچاغ فرۆشتوویانەو بەغدا لەسەر مووچەخۆرانی هەژمار کردووە، ئەم پارەیەش بەشی نۆ مانگی مووچەی مووچەخۆران دەکات!

بە هەردوو لایان، پارتی و یەکێتی لەلایەک و بەغدا لەلایەکی ترەوە، ستەم لە خەڵکی کوردستان دەکەن، دەیانەوێت هەم نەوتەکەی خەڵک بدزن و هەم مووچەکەشی پێنەدەن!

ستەمی بەغدا ئەمەیە: لە بری سزادانی پارتی و یەکێتی کە نەوتیان بە قاچاغ فرۆشتووە، هاتوون سزای مووچەخۆرانی هەرێم دەدەن!

ئەوەی بەغدا دەکات، بەشی گەورەی ستەمە. ئەوەی پارتی و یەکێتی دەکەن، بەشی گەورەی گەندەڵییە.

**کۆتایی**

خۆم وە کو وچالاکوانێکی مەدەنی داوا لە ڕۆژنامەنوس ونوسەر ورۆشنبیران و هاوڵاتیان دەکەم کەدڵسۆزی کورد وگەلی عێراقن بێنینە سەر خەت وپشتیوانی لەمووچەخۆرانی هەرێم بکەین و ئیدانەی نانبڕینی مووچەخۆرانی هەرێم بکەن لەلایەن حکومەتی عێراقی وهەرێمەوە.

١. پشتیوانیکردن لەمووچەخۆرانی هەرێم وئیدانەی نانبڕینی مووچەخۆران لەلایەن حکومەتی عێراقی وهەرێمەوە.

٢. لەجیاتی سزادانی مووچەخۆرانی هەرێم، پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێم سزا بدرێن بەداخستنی ئەو خاڵەسنوریانەی کەنەوتی قاچاغی هەرێمی لێ دەفرۆشرێ.

٣. داوا دەکەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان، فشار بکەنە سەر هەردوو حکومەتی هەرێم وبەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچەی هەرێم.

٤. سزادانی هەموو ئەو حزبە سیاسی وبەرپرسە حکومیە شیعە وسونە وکوردیانەی کەبەرپرسن لەبڕینی مووچە وقاچاغی نەوت ودزینی ماڵی میللەت....


پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## ئاڵۆزی و ناڕەزایەتییەکانی ولایەتی کالیفۆرنیا لەسەر پرسی پەنابەری...

## هاوڕێ سەردار عەبدوڵا حەمە وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە



**پرسی ڕۆژ: ئاڵۆزی و ناڕەزایەتیەکانی ویلایەتی کالیفۆڕنیا لەسەر پرسی پەنابەری؟**

ماوەی نزیکەی هەفتەیەکە خۆپیشاندان وپێکدادانی نێوان پۆلیس وخەڵکی شاری لۆس ئەنجلس و چەندشارێکی دیکە لەئەمەریکا لەهەڵکشاندایە. هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆبڕیارەکانی حکومەتی تازەی ئەمەریکا (کە دۆناڵد ترەمپ بەڕێوەی دەبات سەبارەت بەکۆچکردنی نایاسایی وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن. هەروەها کێشە وبەرامبەرکێی سیاسی ناوخۆی نێوان حزبی دیموکرات لەئەمەریکا وکۆماریەکان، چونکە ئەو ویلایەتانەی وەک کالیفۆرنیا بەپێگەی سەرەکی دیموکراتەکان ئەژماردەکرێت وترەمپ دەیەوێت پاشەکشەیان پێبکات.

بەڕێز سەردار عەبدولا حەمە کادری کۆمۆنیستی کرێکاری ونووسەر وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.

**پرسی ڕۆژ: هۆکاری سەرەکی پشتی ئەم ئاڵۆزیانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا تەنها یاساییە یان ئایدیۆلۆجیش خۆی لەپشت حەشارداوە؟**

**پرسی ڕۆژ: لێکدانەوەتان چییە بۆئاڵۆزی ناوخۆی ئەمەریکا ودەرەوەی ئەمەریکا؟ بڕیارنەبوو هەنگاوەکانی ترامپ لەسیاسەتی دەرەوەیدا ئارامی وژیانێکی باشتر بهێنێت بۆ ناوخۆی خەڵکی ئەمەریکا؟سەردار عەبدولا**

حەمە: سەرەتا سوپاس بۆ ئێوە، وسڵاو بۆ خوێنەرانی بڵاوکراوەکەتان.

سەرەتا پێم باشە شتێک بڵێم لەسەر ئەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە چۆن دەستی پێکرد. کۆمەڵە کرێکارێک سەرلەبەیانی ڕۆژی ٦ ی ئەم مانگە ( حوزەیران) لە بەردەم مارکێتێک کە ئەشیای ناومال ئەفرۆشێت کۆدەبنەوە بۆئەوەی بیانبەن بۆسەر کار لە لایەن ئەوانەی پێویستیان بە کاری ئەوانە، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە چەند کرێکارێکیان لێ دەسگیر دەکرێت بە بیانووی نایاسایی بوونیان لە ئەمەریکا. ئەم ناوچەیەی کرێکارەکان تێیدا کۆ دەبنەوە زیاتر خەڵکی ئیسپانی سەر بە ئەمەریکای لاتینین کە ڕێژەکەیان لەو ناوچەیە دەگاتە لە ٨٢٪ . هەر لەم ناوچەیە ڕۆژانی پێشتر خەڵکێکی زۆریان بە بیانووی نایاسایی دەسگیر کردبوو.

ئیتر ناڕەزایەتیەکە دەست پێدەکات، و فراوان دەبێتەوە و پۆلیس خەڵکی زیاتر دەستگیر دەکات و توندوتیژی ئەنجام دەدات لە بەرانبەردا خۆپیشاندەرانیش پەلاماری پۆلیس وئۆتۆمبیلەکانیان دەدەن زۆریان ئاگر تێبەردەدەن، تا دێت خۆپیشاندان فراوانتر دەبێتەوە تا کاردەگاتە ئەوەی خودی ترامپ بەبێڕەزامەندی وەرگرتن لە پارێزگاری لوس ئەنجلس، هێزێکی گەورەی سوپای نیشتمانی و سوپای دەریایی ئەنێرێت بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران، و دەستدەکەن بە توندوتیژی زیاتر بەرادەیەک سەرۆکی ئەو گروپە هەڕەشەی ئەوە دەکات کەخۆپیشاندەران دەستگیر دەکاو بەشوێن ئۆتۆمبیلدا ڕایان دەکێشێت. هەر بەم هۆیەوە پارێزگاری لوس ئەنجلس لەم هەڵسوکەوتەی ترامپ زۆر تووڕە دەبێت، پێم وایە سکاڵاشی لەسەر تۆمارکردووە لەدادگای گشتی ئەمەریکا .

یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە بۆ قەیرانی ئابوری سەرمایەداری ئەمەریکی دەگەڕێتەوە کە بەهۆی بوونی قەیران و هەژاری زیاتر، خەڵک پەنا بۆ کاری تاوانکاری دەبات کەزۆربەی خەڵکە هەژارەکەش کۆچکردوانن. ترامپ پێیوایە هۆکاری تاوانەکان بوونی پەنابەرانە، جا لە جیاتی ئەوەی چارەسەری قەیرانەکان بکاتا دەڵێ دەبێ بیانیەکان لە ئەمەریکا نەمێنن، بە تایبەت لە ئێستادا دەڵێ خەڵکی نایاسایی دەبێ بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، کە ئەمە بۆچوونێکی جوداخوازی وڕاسیستی یە. من خۆم هەفتەیەک پێش ئەم ڕووداوانە لە لوس ئەنجلس بووم، لەوێ ئەوەم بیست کە گوایا ١٢ هەزار خوێندکاری ئەمەریکای لاتینی کە لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندان ئاگادار کراونەتەوە کە ئەمەریکا بەجێبهێڵنا بە بیانووی نایاسایی بوونیان، لە کاتێکا پارەی خوێندنیان داوەو بەڤیزای خوێندنیش هاتوون. هۆکاری سەرەکی ئایدیۆلۆژی ڕاسیستی ودژی پەنابەرییە کە پێچەوانەی جاڕدانی مافی جیهانی مرۆڤە، ئەگەر وانییە بۆچی تەنها پەنابەران کراونەتە ئامانج، و بە هۆکاری زۆر بوونی تاوان مافی مانەوەیان لێ دەسەندرێتەوە، لە کاتێکا تاوان زیاد بوون دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی هەژاری وبێکاری (کەئەمەش دیاردەیەکە لەکاتی ئەزمەی سەرمایەداریدا زۆرتر دەردەکەوێت) کەدەکرێ دانیشتوانی هەموو ئەمەریکا بگرێتەوە بەوانەی یاسایی و نایاسایین .


بە بڕوای من ڕووداوەکانی ئەم دوایەی ئەمەریکا، ڕاستی و واقعیەتی دەسەڵاتی ئێستای ترامپ پیشان دەدات کە چەندە چەواشەکارە لە بەرانبەر ئەو پروپاگەندەی دەیکات کە مرۆڤ دۆستەو لایەنگری مافی مرۆڤە، یا چەندە دیموکراتییە، ئەمانە هەمووی درۆی شاخدارن. سەرکوتی خۆپیشاندەران بەو ڕەندەیە هیچ جیاواز نییە لەسەرکوتی خۆپیشاندەران لەودەسەڵاتانەی کە خۆی بە دژی دیموکراتی و دیکتاتور ناویان دەبات.

# هاوڕایی لەگەڵ کامیان؟ ئێران یا ئەمەریکا؟

نووسینی: مەنسور حیکمەت
وەرگێڕانی: لە فارسییەوە: سەردار عەبدوڵا حەمە

بەهۆی کردەوەکانی سەپاندنی گەمارۆی ئابوری و کردەوەی سەربازی لەدژی جمهوری ئیسلامی ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە سەرقالّی و پیشاندانی سۆز و وتەکانی پێشوویان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی دەستی پێکردوەتەوە. بۆ هەندێکیان پێیان وایە ئەمە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێم لە نزیکترین کاتدا. پرسیارە کۆنەکە (هاوڕای کام لایەن) لەبەر پێی ڕێکخراوە چەپەکانی دوێنێ و و دیموکراتخوازنی ئەمڕۆ دەدەوشریتەوە. بە جیا لە جیاوازیەکانیان وبۆچوونیان بۆهەڵبژاردەی (هاوڕایی) بەڵام هەموویان بیر و زهنیان سەرقاڵە بەگریمانەکانی خۆیان بۆ بەختی تازەیان. ئەگەر بڕیارە ڕاستیەکە دەرکەوێ دەبێ هەموو گریمانەکانیان تێک بشکێت. بە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکانیان. ئەمەریکا و ڕۆژئاوا نایانەوێ جمهوری ئیسلامی بڕوخێنن. بێگومان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وتاوانەکان لە ئێراندا گرفتی ئەمەریکا نییە، تەنانەت مەسەلەی تیرۆریسمی جمهوری ئیسلامی ودەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمیش نییە. بەهۆی چەندین بەڵگەوە کە شایانی تێگەیشتنە ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی و »پان ئیسلامی «ئەوە هەڵبژاردەی ئەمەریکایە وەک ئیمپراتۆری خراپ ودژی مەدەنیەت لەدوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات وسۆڤیەت بۆ ئەوەی جێگای بگرێتەوە. جێگیری سیاسی بەدوور لە بەرکەوتە سەربازیەکان لە ئەمەریکا ودونیای پیشەسازیدا و هەروەها بەجیا لەجەنگە بازرگانیەکان دەرگایەک پێویستە بکرێتەوە بۆ ئەمەریکا تا ببێتە گەورەترین هێزی جیهان بۆ ئەمەش دوژمنێکی ستراتیجی پێویستە. ئەوەی ئێستا ناوی جمهوری ئیسلامی کەوتووەتە سەر زاری وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سازدانی ئەم دوژمنەیە لە هەلومەرجی ئێستادا، نەک بۆ ڕووخاندنی ئەو. هەمان ئەو دەستانەی کە دەیانەوێ لە جمهوری ئیسلامی بدەن، لەهەمان کاتدا ژێر باڵی دەگرن بۆ ئەوەی نەکەوێت. فشارەکانی ڕۆژئاوا ئەگەر بگاتە هێرشی سەربازی ئەوا تەمەنی جمهوری ئیسلامی درێژتر ئەکەنەوە. لێدانێکی سەربازی لەم جۆرە لە هەنگاوی یەکەمدا دەستی ڕژێم درێژتر دەکات بۆ ئەوەی سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکاو لە مەیدانی خەباتی سیاسی دووریان دەخاتەوە. دەسەڵاتداران لەدەوری یەک پلاتفۆرمی ڕاسیستانە و لۆمپنانە وڤالانژیستانە کۆ دەکاتەوە ویەکیان دەخات . – هەنگاوی سەربازی لەدژی جمهوری ئیسلامی لەبارودۆخێکدایە کە بن بەستی ئابوری و ئیفلیجی سیاسی ڕژێم ئاسۆیەکی سوود بەخشی بۆ خەڵک کردوەتەوە بۆ ئیحتیمالەکانی خۆی کەچی دەبێتە فریاد ڕەسێکی ئاسمانی بۆ لەناوبردینی ئەم ئاسۆیە. – ئێمە تێدەکۆشین بۆ ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران وە لەدژی هەژموونی نەزمی نوێ لە ئاستی جیهاندا خەبات دەکەین. بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری تەنها هاوڕایی هەیە و ئیمکانی هەیە ئەویش لەگەڵ شۆڕشی کرێکاری وبەدیهێنانی ئازادییە...

**مەنسوری حیکمەت یەکەمجار لە مانگی ئابی ١٩٩٣ لە ئەنتەرناسیۆناڵی ژمارە ٧ دا بڵاو کراوەتەوە**



# شورای کرێکاران چییە؟

## وەرگێرانی: توانا حەمە نوری

شورای کرێکاران توانای پێکهێنانی بنەمای کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی هەیە. بەڵام ئەمە پەیوەستە بە فاکتەری تر و سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری.
ملیۆنەها خەڵک هەست بە بێمافی دەکەن بەهۆی شکستی دیموکراسی پەرلەمانییەوە.
دیارە چینی دەسەڵاتدار ناچار بووە ڕێگە بە هەڵبژاردن و هەندێک ئازادی مەدەنی بدات، وەک ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی ڕێکخستن لە سەندیکاکاندا.

لە بنەڕەتدا چینی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی سیستماتیک هەر هەوڵێک بۆ جێبەجێکردنی کۆنترۆڵی ڕاستەقینە لە خوارەوە پووچەڵ دەکاتەوە.

کارل مارکس ئەمەی بە "فێڵی دیموکراسی" ناوبرد. ئەو فێڵە بوونی هەیە، چونکە نە دەسەڵاتی ئابووری و نە دامەزراوە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەت لە پەرلەمانەوە کۆنترۆڵ ناکرێ.
بەڵام بەدیلێک هەیە، بەدیلێک کە لەسەر بنەمای درێژکردنەوەی ڕیشەی کۆنترۆڵی دیموکراسی دامەزراوە. شۆڕشە مۆدێرنەکان پشت بە بزووتنەوەکانی خۆپیشاندان و مانگرتنی جەماوەری دەبەستن.
مانگرتنی جەماوەری، داواکارییە ئابوورییەکان، وەک زیادکردنی کرێ، لەگەڵ داواکارییە سیاسییەکان، وەک کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی پۆلیس، تێکەڵ دەکات.
ئەم جۆرە بزووتنەوە مانگرتنانە بەندە بە ڕێکخستنی کرێکاران بە شێوازی نوێ. بەڕێوەبەر و خاوەن کارەکان ڕادەکەن یان دەردەکرێن. کرێکاران دەست دەکەن بە بەکارهێنانی زانیارییەکانیان بۆ بەڕێوەبردنی شتەکان بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی شورای کارگەکانەوە. بەڵام دەبێت هەماهەنگی لە سەرانسەری شوێنی کار و کۆمەڵگەکانیشدا هەبێت. کرێکاران پێویستە دڵنیابن لەوەی مانگرتنەکانیان لە دژی بەڕیوەبەر و خاوەن کارەکان کاریگەرە و لە هەمان کاتدا دڵنیابن لەوەی چینی کرێکار دەستیان بەو کاڵا و خزمەتگوزارییانە بگات کە پێویستیانە.
هەموو شۆڕشێک، یان هەوڵی شۆڕشێک، چارەسەرێکی هاوشێوەی دروست کردووە- شورای کرێکاران، یان سۆڤیەت.

یەکەم سۆڤیەت لە سانت پترسبۆرگ لە ڕووسیا لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ گەشەیان کرد و لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧دا بە قەبارەیەکی زۆر گەورە سەریان هەڵدا.
شورای کرێکاران لە ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩ و لە بوداپێست لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزران. شورا لە ئیتاڵیا لە ساڵانی ١٩١٩-٢٠ و شیلی لە ساڵی ١٩٧٢ بینران. ئەم نموونە جۆراوجۆرانە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەبوو. هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسەر بنەمای دەنگدانی خەڵکە وەک تاک. بەڵام شورا لەو شوێنانە دامەزرابوون کە کرێکاران بەهێز و بەکۆمەڵ ڕێکخراو



بوون، لەوێدا بتوانن پێکەوە مشتومڕ و موناقەشە بکەن. نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان دەتوانرێت بە خێرایی لاببرێن. ئەمە دڵنیایی دا کە شوراکان هاوتەبان لەگەڵ بیرۆکە ڕادیکاڵەکانی کرێکاران.

نووسەری بەریتانی ئارسەر ڕانسۆم، لابردنی خێرای نوێنەرەکان بە مانای ئەوەیە، "وڵات چیتر لە مەترسی بەڕێوەبردنی بیروباوەڕی بەسەرچوودا نییە."
سیستەمی سۆڤیەت ئۆرگانێکی بڕیاردانی ناوەندی دروست کرد. بەڵام ئەمە دەسەڵاتی خۆی لە سیستمێکی لامەرکەزی وەرگرتووە، یان سۆڤیەتەکانی ناوخۆیی، کە دەتوانێت نوێنەرایەتی هەمەجۆریی گەورەی کۆمەڵگەی ڕووسیا بکات.
سۆشیالیستی ئەمریکی جۆن ڕید پێی وابوو، "سۆڤیەتەکان حکومەتی ناوەندی دروست دەکەن، نەک حکومەتی ناوەندی سۆڤیەتەکان دروست بکەن."
شورای کرێکاران ئەو ئەگەرەیان دروست کرد کە بەرهەمهێنەرانی سامان بتوانن کۆنترۆڵی دیموکراسییان هەبێت بەسەر ئەو شتانەی کە بەرهەمیان هێناوە.
هەروەها شوراکان پێکهاتەیەکیان دابین کرد کە لە چوارچێوەیدا بەرهەمهێنەران بتوانن مشتومڕ لەسەر ئەولەویەتەکانیان بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکانیان بوو. ئەمە زۆر دیموکراسیترە لەوەی پێنج ساڵ جارێک دەنگ بدەین کە سیاسەتمەداران لە داهاتوودا درۆی لەگەڵ دەکەن.
شوراکان پشتیان بە پابەندبوونی چالاکانەی چینی کرێکار بەستبوو.
لینین ئەم بەشدارییەی بە "پێکهاتەی سیحراوی" دەوڵەتی کرێکاران ناوبرد.
شورای کرێکاران، کرێکارانی لە کارە کەمتر ڕێکخراوەکاندا بەدەر نەدەکرد.
ڕید ئاماژەی بەوەدا کە "چێشتلێنەر و گارسۆن، پاککەرەوەی شەقام، خزمەتکاری حەوشە یان شۆفێری تاکسی" نوێنەرایەتی لە شوراکاندا هەبووە.
لە ڕووسیا پارتی بەلشەفیک توانی زۆرینەی سۆڤیەت بەدەست بهێنێت.
توانیان دەوڵەتی کۆن بشکێنن و سەردەمێکی نوێی کۆنترۆڵکردنی چینی کرێکار و دیموکراسی ڕاستەقینە دەست پێبکەن.

یەکەم شورای هەرێمی قەوقاز، نوێنەرانی کرێکاران و جوتیاران، ڕووسیا ١٩١٧


**لە ئینگلیزیەوە کراوەتە کوردی**

**سەرچاوە:**

**socialistworker.co.uk/**

**کۆمەڵگایەك کە بیەوێت بەشداری کۆمەلانی بەرینی خەڵك لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ. دەبێ حوکمڕانیکردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لەلایەن شوراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەموویان هەم وەکو یاسادانەر و هەم پیادەکەری یاسا کار دەکەن...**

# دەمەتەقێی نێوان هونەرمەندان
# کاوان قادر و وریای ڕەسام...



## (ئێمەش نەبین بیرەوەرییەکان بە زیندوویی دەمێننەوە)

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

**وریای ڕەسام: سڵاو هاوڕێ کاوان ئێمە لە دەورانێکدا کە قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بووین، من خۆم شاهیدی ئەوەم کە تۆیەکێک لە باشترین قوتابییەکانی ئەوساڵەی بەشی پەیکەرسازی بوویت بۆچی نەچویتە ئەکادیمای هونەرە جوانەکان کە شایەنی عشر ئەوائیلی ئەو ساڵە بوویت، مەبەستمە بزانم مەرجەکانی وەرگرتنی ئەکادیمیا ی هونەرە جوانەکان چی بوو بۆچی تۆی نەگرتەوە؟**

**کاوان قادر:** سەرەتا ئەوەبڵێم کە کرداری باش ڕێبازە، بە تایبەت بۆ هونەرمەند، نەک بۆ سەرنج وخۆهەڵکێشان، هیچ کەسێک هەقی ئەوەی نییە ئەگەر کارێکی باش لە ژیانیدا ئەنجام بدات بە خەڵکی بفرۆشێتەوە، من مەبەستم نییە باس لە پاڵەوانی خۆم بکەم وە پاڵەوانیش نەبووم، بەڵام هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لەناو تەواوی قوتابیانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا تا ئەو کاتەی بەعس لەدەسەڵاتدا بوو من ئیمزای بەعسییەتیم نەبوو بۆ ئەوە سەدان شاهید هەیە، کێشەی ئاستی هونەریم نەبوو پلەکانی هونەریم لەسەرو ٩٥٪ بوو، هەر ئەوکات مودیری پەیمانگە (قەیس کامیل فرحان) بە ڕۆشنی ئەوەی پێ وتم کە شەهادەت نادەمێ، کاتێ من شەهادەی دەرچوونم نەدرێتێ چۆن دەتوانم بچمە پلەیەکی باڵاتری خوێندن، تەنانەت هەوڵی ئەوەیدا نەچمە تاقیکردنەوەکانەوە تا بە دەلیلێکی ڕەسمی و قانونی فەسڵم بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، تا ئەو کاتەی بەعس لەدەسەڵاتدا بوو وەکو دەرچوویەکی پەیمانگە حسابم بۆ نەکرا و لە کۆتاییدا بەڵێننامەی دەرچوونەکەم دوای ڕاپەڕین وەرگرت.

**وریای ڕەسام: کەواتە تۆ دەڵێی لەبەر نەبوونی ئیمزای بەعسییەتی نەچویتە ئەکایمیای هونەرە جوانەکان، بەڵام من ئەزانم مامۆستاکانیش ئیمزای بەعسی بوونیان هەبوو، تەنانەت دەورەی جەیشی شەعبیشیان بینی تۆ چۆن ئەڵێی بەعسی نەبووم چۆن ئەوە ئەسەلمێنیت.**

**کاوان قادر:** بەڵێ ئەوە ڕاستییە، وەک وتم من تەنانەت شەهادەشم وەرنەگرت چۆن ڕێگەیان بە کەسێک ئەدا بەعسی نەبێت و بچێتە ئەکادیمیا؟ ئەوە گرینگ نەبوو چی ئاستێکی هونەریت هەیە، گرینگ ئەوەیە چەند ئینتیما و نزیکایەتیت لەگەڵ بەعس هەبوو، ئێستاش لەم دەورەی حوکمی کوردایەتییەدا هەروایە، گرینگ نییە تا چەند ئاستی هونەریت بەرزە تا پرۆژەیەکی هونەریت بدەنێ، گرینگ ئەوەیە هونەرمەند و ماستاوچی!! کام حزبەی؟ ئەمرۆ ئەوە بووە بە پێوانەی هونەرمەند بوون، ئەو کاتەش هەروا بوو بەعسی نەبویتایە لە هەموو مافێک بێبەش ئەبوویت، لەبارەی بەعسی بوونەوە شاهیدەکان ماون (عەلی جۆلا، حیکمەت هیندی، مامۆستا کۆدرۆ، کەمالی ڕەوف هەنجیرە، وە ئیدارەی پەیمانگە بەگشتی ئەوە دەزانن کە من ئیمزام نەبووە، تەنانەت مامۆستا لەتیف کە یەکێک بوو لە عەشر ئەوائیلەکانی سەردەمی ئێمە گێڕایەوە کە قەیس لە کۆبونەوەی ڕەسمیدا وتبوو کە کێتان خۆتان بە پیاو ئەزانن وەک کاوان بڵێن نابم بە بەعسی ئەوکات دەتوانێت ئابونەش نەدات و نەیەتە کۆبونەوەکانەوە).

**وریای ڕەسام: پەیکەرسازێک ماوەیەک بەر لە ئێستا لە لایفێکی خۆیدا بە پێچەوانەی تۆوە بە یەقینەوە دەڵێ کە ئەو ئیمزای بەعسی نەکردوە، نامەی ئەستۆپاکی خۆی ئەنوسێتەوە بۆ مێژوو دەڵێت: لەبەر ئاستبەرزی خۆی لە ئەکادیمیا وەرگیراوە، دیارە ئەم بەرائەتەم چەند جار لە کەسانی تریشەوە بیستوە تۆ چۆن وا دەڵێیت؟ ئەوانەی لەو سەردەمەدا چوونەتە خوێندنی باڵا بەبێ ئیمزای بەعسی بوون وەر نەگیراون؟**

**کاوان قادر:** نەخێر بەبێ ئیمزای بەعسی وەرگرتن لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان مەحاڵ بوو. ئێمە هەموومان کەسی شارەکەین و دەزانین دەورانی سەرەتای کردنەوەی پەیمانگە ساڵی ١٩٨٠ و ساڵی ١٩٨١ مەرجی بەعسی بوون زۆر توند نەبوو، بەڵام لە وەجبەی سێهەم بەدواوە هیچ کەس بە فیلتەری بەعسدا تێنەئەپەڕی وبەبێ بەعسی بوون لە پەیمانگە وەرنەئەگیرا. لە زۆربەی خوێندنەکانی باڵاشدا هەر وابوو، تەنانەت هەزاران کەسی بەهرەدار نەیانتوانی بچنە پەیمانگە، چونکە ئیتر دەبوو پێش پەیمانگەش بەعسی بوویتایە، ئەگەر ئەو کەسە لە وەجبەی سێهەمدا بووبێت ئەوە ڕاستگۆیانە مێژوو ناگێڕێتەوە، بەڵکو ئەیەوێت خۆی بە پاڵەوان بنوێنێت، وای دابنێ (کە ئەوە موستەحیلە) لە پەیمانگە دا ئیمزای نەبووە، بابڵێین فێڵی لەبەعس کرد، خۆ بەعسی بوون تەڵەیەک بوو لەبەر دەرگای هەموو فرسەت و دەرفەتێکدا دایاننابوو، بەڵام چۆن ناردیانە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان؟ بەعسی نەبیت و بچیتە پایتەخت واتە ئێمە باس لە ساڵەکانی ١٩٨٧ دەکەین کە بایەقوش بە شاخیشەوە نەمابوو، واتە گەرمەی ئەنفال و کیمیاباران و مەنع تجول بوو، واتە ئەو کاتە ئەوجی قوەتی بەعس بوو من لەوە تێ ناگەم، ڕەنگە ئەو برادەرە ئاستێکی باشیشی لە پەیکەرسازیدا هەبووبێت، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بەڵکو دەبوو تەنانەت ئینتیمایەکی باش و پەیوەندییەکی باشیشت لەگەڵ مودیری پەیمانگە (قەیس کامل فەرحان) هەبوایە ئەوە مونافەسەیەکی لەپشتەوە بوو، هەمووان هەوڵیان دەدا ئەو فرسەتە بەدەست بێنن ئەگەر مل شکاندنیشی پێویست بوایە دەیانکرد، چونکە ئەگەر بچویتایە ئەکادیمیا و بەردەوام دەبووی لە خوێندن تەنانەت نەدەچویتە سەربازیی کە جەنگی ئێران وعێراق بوو. ئەو بەڕێزەش ناتوانێ ئەو مێژووە بگۆڕێت، چونکە ئێمە هێشتا لە ژیاندا ماوین.

ئێمە تێ ئەگەین کە بەڕاستی بەعس فشاری هەبوو، فشارەکانیان دەرکردن وفەسڵ کردن بوو. کەم نین ئەوانەی لە زانکۆکان لەسەر نەچوون بۆ دەورەی جەیشی شەعبی دەرکران، لە دائیرەکاندا ئیمزات نەکردایە نان بڕاویان دەکردی و دەریان دەکردی ژیانت ئەکەوتە مەترسییەوە، هەموو کەس باوەڕی بەمانەی شاخ نەبوو ڕابکاتە شاخ ئەو کات دەبوو لە شارەکەشدا قاچاخ بویتایە، بەڵام خۆ کەس لەسەر ئەوە لێپرسینەوە لەکەس ناکات کە بۆچی بوویت بە بەعسی، چونکە تێ دەگەین هەلومەرجەکە خەفەقان بوو، لەوانەیە ئەو برادەرە ئەمڕۆ زۆر فووی لەخۆی کردبێت و خۆی بە هونەرمەندی جیهانی بناسێنێت وخەڵکیش بە نەخوێنەوار، ئیتر خەڵکیش وەڵامیان دابێتەوە فشاریان بۆ هێنابێت و لە ململانێ یەکدا بێت، بۆیە ئەمڕۆ دەیەوێ نامەی ئەستۆپاکی خۆی بنوسێتەوە، ئێمە دەزانین کە فایلێکت لەسەر نییەو ئارەزوومەندانە نەبوویتە بەعسی، وەڵامەکەی ئاسانە. ئێمە کاتێک نایەین لەسەر زروفێک کە خۆت بێ چارەبوویت و بەزۆر کراویت بە بەعسی یەخەت بگرین، تۆش قارەمان بوونی خۆتمان پێ مەفرۆشەرەوە، چونکە ئێمە کڕیاری نین.

**وریای ڕەسام: ئەو ڕۆحییەتە سەرو خەڵکییە چییە لە هەندێک خۆ بە هونەرمەندزاندا هەیە، سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختیانەی میللەتەکەمان ئەیچێژێت بەدەست سیاسییەکانەوە سەرباری ئەوە نازی ئەوانیش هەڵگرن؟**

**کاوان قادر:** بەڕای من ئەوەش یەکێکی ترە لەدیاردەکانی ناکامڵ بوونی ئینسان، ئیگۆ کاتێک بگاتە ئەو ڕادەیەی کە خەڵکی لەخۆت بە کەمتر بزانیت ئیتر ئەوە کەسایەتییەکی ناتەندروست وناجێگیرە دەیانەوێت لە ڕێگەی شانازی کردنەوە بوونی خۆیان بسەلمێنن تا سەرنجڕاکێشتر دەرکەون، هەوڵێکە بۆ داپۆشینی هەستی نائەمنی و سەلماندنی کەسایەتیەکی لاواز بۆ کەسایەتییەکی بەهێز؛ ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ هونەر وەزیفەی ئینسانی خۆی لەدەستداوە و بووە بە بەشێک لە بازاڕ تۆش کەسابەت ئەکەیت، خەڵک بۆ نازی تۆ هەڵکێشێت؟ خەڵک هونەرمەندو دڵسۆزی خۆی دەناسێت؛ پێویست ناکات خۆت شاباشی خۆت بکەیت؛ ئەوەش بڵێم لە کلتوری ئێمەدا ئەمە ڕێگەیەکی باوە بۆ پەلکێشی بەرەو مشەخۆری ئەمجارەیان بەسەر خەڵکەوە.

**وریای ڕەسام: لە جەنگە جیهانییەکاندا بەهۆی شەڕەوە ئەوروپا زۆر کاری هونەری تیاچووە، هونەرمەندێکی کورد وەک خۆی دەڵێت: مخەوەل کراوە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شارستانییەی کە تیاچووە. تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

**کاوان قادر:** ئەو پڕوپاگەندەیە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی هەر ئەو پرسیارەی پێشتر کردتان، ئیگۆ ئەگەر لغاو نەکرێت، خەتەرناکترین واهیمەیە هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کەلە هونەردا داوتە لەگۆڕی دەنێت. ڕەنگە هەندێک داماو باوەڕ بەو قسەیە بکەن، بەلام ئەو فرسەتە بۆ هەرکەسێک هەڵبکەوێت نایگۆڕێتەوە بەو شەڕە دەنوکەی لە نێوان هونەرمەندانی ئێمەدا هەیە نیسانیش گاڵتەی وای بەخۆیەوە نەدیوە.


**وریای ڕەسام: ژیری دەستکرد هونەرمەندان بەرەو کوێ دەبات، بەڕای تۆ بۆچی هونەرمەندانی کوردستان لەو پێناوەدا یەکتری هەڵەپاچن؟**

**کاوان قادر:** لە ئێستاوە کاریگەرییەکانی دەبینیت کە چۆن چاوبەست لەیەک دەکەین، خۆ هەڵکێشان بەژیری دەستکردەوە داماوییە، چونکە شارەزایی لەو بوارەدا پێوانەی سەرکەوتوویی هونەرمەندەکە نییە. ئەوەش بڵێم ئەوشەڕی سەرەخۆرەی ناو هونەرمەندان کە کێ باش ئەسپی (ژیری دەستکردی) تاو داوە ئەوا هونەرمەندێکی باشترە!!!، منیش دەڵێم ڕەنگە باشتربێت، بەڵام وەک کاڵایەک بۆ بازاڕ، نەک وەکو هونەر هەستی مرۆڤایەتی وهونەرمەند بوونت ئەمرێنێت، ئاگرێکە نەزانی یاری پێ بکەیت خۆت ئەسوتێنێ، کەسێک کە هیچ باگراوندێکی هونەریشی نەبێت دەتوانێت بە ژیری دەستکرد بڵێت هەر تابلۆیەک بەهەر سیفەتێکەوە کە خەیاڵ بڕی بکات بۆت دروست ئەکات، بەڵام خاڵی لە زەمەن و خاڵی لە خەللاقییەتی هونەرمەندانە. تۆی دەستڕەنگینیش خانەنشینییەکەت پیرۆز بێت. ئەوە بەدبەختی ئەو کۆمەڵگەیەیە هونەرمەندەکەی لەم حەقیقەتە تێنەگەیشتبێت کە هونەر پردێکە بۆ نزیک بوونەوەو تێگەیشتن لە ئەندێشەکانی مرۆڤایەتی، سەرەنجام ئەم ئەرکە بەژیری دەستکرد ئەسپێرێت؟! بەڕای من ژیری دەستکرد بۆ هەموو شتێک گونجاو بێت بۆ هونەر بە پێچەوانەوەیە، چونکە هێشتا لە نیزامێکداین مرۆڤایەتی تیایدا ئەسڵ نییە، ژیری دەستکرد دەبوو وەک پێشکەوتنێکی توانای مرۆڤایەتی سودی لێ وەربگیرایە، بەڵام بە پێچەوانەوە ترسی ماڵوێرانبوونێک تا بەردەرگاکەمان هاتوە. ئەگەر ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆماندا یەکێک لە سیفەتە جوانەکانی هونەر ئەوەیە بێ کەم وکوڕی نییە، پیرفێکت نییە، پڕییەتی لە ئەندێشەو کاراکتەری ئینسانی، جیهانێکە پڕاو پڕ لە هەست و سایکۆلۆژیای هەزاران ساڵەی مرۆڤایەتی هونەر بە پڕاو پڕی واتاکەی ئەرکی ژیری دەستکرد نییە، تەنها دەستکۆتاکردنی مرۆڤایەتی یە لە جوانییەکان.

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# هونەرمەند و راسیزم

**نووسینی: نەجم محەمەد**

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەمەوە بەپێویستی دەزانم پێناسەیەکی کورت وخێرای ڕاسیزم بکەم، دیارە ڕاسیزم بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییە کە باوەڕی بەبەرزی یان نزمیی گرووپێکی مرۆڤ هەیە، بەپێی نەژاد، ڕەنگ، ڕەچەڵەک، زمان، نەتەوە یان ئەندامێتیی کۆمەڵایەتی وهتد. ئەم بیرۆکەیە دەبێتە هۆی جیاکاری، ستەم، و نایەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا، لەمێژووی مرۆڤایەتی دا نموونەکانی ڕاسیزم زۆرن، بەڵام دوونموونەی هەرە زەق ودزێوی ڕاسیزم هەن ئەوانیش:

١–نازیزم: توندڕەوترین نموونەی ڕاسیزمە کە لەسەر بنەمای بەرزی ڕەگەزی ئەڵمانی و کوشتنی ملیۆنان جولەکە و کەمینەکانی تر پێکهاتووە.

٢– ئاپارتاید: سیستەمی جیاکاری ڕەگەزی لە ئەفریقای باشوور کە بۆ دەیەها ساڵ بەردەوام بوو.

لێرەوە دەچمە ناوبابەتەکەمەوە بەلای منەوە ئەوەی گرنگ وسەرەکیە لای هونەرمەند ئەوەیە هەم بیرکردنەوەو هەم هونەرەکەی دەبێ دژە ڕاسیزم بێت، بەمانایەکی تر هونەرەکەی وبیرەکەی لەخزمەت مرۆڤایەتیدا بێت بەبێ جیاوازی زمان و ڕەگەزو نەتەوەو...هتد.

هونەرمەند دەبێ نێونەتەوەییانە بیربکاتەوەو هونەر بکات. چوون هونەر زمانێکی جیهانیە و هەڵگری پەیامێکی ئینسانیە هەربۆیە نابێت کورتکرێتەوە لەپەیامێکی دەمارگیری نەتەوەپەرستی کوێرانە. بەڕای من ئەمە ژەهرە، نەک هونەر. ئەویشی ئەم کارە دەکات ژەهرڕێژە، نەک هونەرمەند.

دیارە ئەمرۆ لەنێو زۆربەی میللەتانی دونیادا بەداخەوە هونەرمەندی ڕاسیزمان زۆرە کە هەم لەهونەرەکەیانداو هەم لەبیرکردنەوەو هەڵوێستەکانیاندا ڕاسیزم دەژی وخۆی بەیان دەکات هەر لەکوردەوە بیگرە تادەگاتە تورک وعەرەب وفارس وجولەکەو ئینگلیزو ئەڵمان وهتد.

من پێم وایە هەر هونەرمەندێ هونەرەکەی لەخزمەت مرۆڤایەتیدا نەبوو، لەخزمەت عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا نەبوو، دژی ڕاسیزم و ستەم نەبوو وهاوپشتی خەڵکی ستەملێکراو بێبەشکراو بێمافدا نەبوو، ئەوە ئەو هونەرمەندە هونەرەکەی چەندە ڕاقی و ئیستاتیکیش بێت ئەوا هونەرەکەی هونەرێکی دزێو ونزم وپڕشەرمەزاریەو ئەوهونەرمەندەش هونەرمەندێکی فاشی و ستەمکارە.

لەمێژووی هونەردا، ڕاسیزم (ڕەگەزپەرستی) کێشەیەکی گرنگی بووە و کاریگەری خۆی لەسەر هونەرمەندەکان و کارەکانیان هەیە. لەنێو ئەو بەرهەمە هونەرییانەدا کە باسی ڕاسیزم دەکەن، دەتوانین بە شێوەیەکی دیار ئەو کاریگەرییە ببینین. بۆ نموونە، هونەرمەندەکان زۆرجار بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوازە جیاوازەکانیان بۆ نیشاندانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕەگەزپەرستی کردووە.

بۆنموونە لەکاتی داگیرکاری سوپای تورکیاو میلیشاکانی بۆسەر شاری عیفرینی ڕۆژئاوای کوردستان چەند هونەرمەندێکی بواری گۆرانی ونواندنی تورکمان بینی، کەهەندێکیان بەڕەچەڵەک کوردن، چۆن پشتگیری سوپای تورکیایان کردو گۆرانیان بەسەر ئەوسوپا داگیرکەرەدا دەگوت و ڕەواییان بەقەتڵوعامی ژن و پیروگەنج ومناڵی عفرین دەدا. هونەرمەندێ ئەمە هەڵوێست وبیرکردنەوەی بێت هونەرمەند نییە، یان کاتی خۆی کەهونەرمەند ئەحمەد کایا لەئاهەنگی ڕێزلێنانەکەیدا لەتورکیا هەرئەوەندە گووتی گۆرانیەکی کوردیم تۆمارکردووە وبڵاوی دەکەمەوە ئەوا یەکسەر هەموو هونەرمەندە تورکە ڕاسیزمەکانی دانیشتووی ناوهۆڵی ئاهەنگەکە لێی هاتنە دەنگ ودونیایەک سوکایەتیان پێکردوو هەموویان وەک هەڵویستێکی ڕاسیزمانە بەرامبەر بەوقسەیەکی ئەحمەد کایا پێکەوە بەدەنگێکی بەرزو حەماسی شەڕئامێزەوە سروودی نەتەوەیی تورکیایان گوتەوە، دواتر دایانە دادگاو ناچاریان کرد کەتورکیا جێ بهێڵێت .

لەکۆتایدا دەڵێم هونەرمەندەکان دەتوانن لەهونەرەکەیاندا و یا لەبیرکردنەوەکەیان دا ڕۆڵێکی گرنگیان لە نیشاندانی کاری خراپی ڕاسیزم و هاندانی یەکگرتوویی و یەکسانی نێوان خەڵک هەبێت و بەکارهێنانی هونەر وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگارکردنەوەی ڕەگەزپەرستی و پەروەردەکردنی بەها مرۆییەکان، هونەرمەند دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت.

لەکۆتایدا دەڵێم ڕاسیزم شەرمەزاریە بۆ مرۆڤایەتی، و ڕاسیزم بۆهونەرمەن دووجار شەرمەزاریە...

# نامەکەی حەمەشوان... (بۆ ساریا سچیخانۆڤ)

## "نەتکاندنم بۆ دەمی سروشت"




ئەی هاوڕێی ئازیز.. من دەمێکە دەمم داوە لەدەمی ئاگر. گریان لەئەزەلەوە جەستەی پڕکردوم و فەرامۆشی کەڵای عومرمی لە وەنەوشەیی وە گۆڕییەوە بۆ ڕەنگە مەحرومەکان! دەنگی پایزێکی خەمناک بەبا شۆردومی.

ئای هاوڕێ گیان.. ئەزانم هێندەی من چاوەکانت پڕن لەهیوا، بەڵام ئەفسوست لێ بێ تۆ بەهارێکی ڕوخسارت بیر لە وەراندن ناکاتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ مردن لای تۆ لەتابوتە بێ نازەکانی مزگەوتی وڵاتە وێرانەکاندا چاوەڕێت ناکەن... ببورە کەهێندێ جار سێبەرەکەم سەماناکات و بەدەم بزەوە بۆ وشە ڕەنگینەکان ناڕوانن. بەلای منەوە.. پایز جوانترە لەڕەنگی بەهارێکی سەوز، چونکە خەمناکی پایز گەورەیی وەک ئەوکەسانە وایە لەبەر سێبەری بێکەسی دا تیشکی خۆر ماچیان بۆ هەڵنەدا ئەوانیش بەخەمناکی یەوە هەڵئەوەرێن و لەناو بادا سەمایەک دەکەن و لەلێواری شۆستەیەک دا عاشقێکی هەڵشە گەڵاکە وەک ئاوێنە وورد وورد دەکات!!؟

ئەی هاوڕێ گیان.. هاوکێشەکانی من و تۆ لێرەوە دەست پێ دەکات.

بەلای تۆوە دەست لەملانی وڵاتێکی وێرانە نەخشەی سەرەتایی دەگەیەنێ، گریان شتێکی بێ دەسەڵاتی و ورەبەردانە لە ئارامی وهیوا ڕوانین بۆ تاریکی پەنجەرەییەکی شکاوە. ڕاستە منیش هەمان هەڵوێستم هەبوو!!! بەڵام ڕۆژگارێک هات و ڕۆیشت چاوەڕووانی دەوەنی چاوەکانمی بەچاوەڕووانی هەڵوەراند.

ئەوانەی دەمووت نەدەبوون، ئەوانەی دەمکرد ئاراکانم تەنیا چەند ژمارەیەک بوون. لەبەر ئەوە هاتمە سەر ئەم هەڵوێستە فەلسەفی یە. چەند بەزەیم پێتا دێتەوە نایەیتە سەر ڕەئەکانم " بەڵام هاوڕێ کەهاتی چەند من دەخەیتە گومانەوە"

**برات حەمەی حمە فرج**

دورین ٢/٢٤/ ٩٥

# وەڵامی ساریا سیچخانۆڤ بۆ حەمەشوان

## ئازیزم حەمەشوان...

مایەی خۆشحاڵیمە، کەجارێکیتر لەگەڵ ئێوەدا پەیوەندییەکانمان تازەدەکەینەوەو، تالەئایندەدا بەرەو ئاسۆییەکی پڕلەبایەخی ببەین.

ئەگەر ئەدەبیات و ویژە دوورگەییەکی خۆرنشینبێت، بۆحەسانەوەی ڕوح و جەستەی ئینسان، ئەوە من دوواکەسێک نابم کە بەکەشتی وشەکانیەوە، بەرەوکەنارەکانی ئەو دوورگەیە، مل دەنێت بەدەریاوە.

ئەدەبیات بەشێکی جیانەکراوە لەڕەوت و ڕەوەندی ژیانی من پێکدەهێنێت، من لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە"پەیی"م بە بایەخە ئینسانییەکان وئینسانی بوونی خۆم بردووە. ئەدەبیات زادەی بیری ئینسانە، هەرئەمەشە وا دەکات ئەدەبیات لەو هەموو شکۆو بایەخە بەهرەداربێت.

سروشتی و ئاساییە، کەئێمە دیدگامان لە بارەی ئەدەبیاتەوە، کەم تازۆر، جیاوازی هەبێت، ئەم جیاوازییانە لەسەر مەیل و ئەنتەرێسەی کۆمەڵایەتیەوەیە، دێنەئاراوە.

بەڵام ڕەنگە هەردوولامان، ناتەباییمان لەوەدا نەبێت کەهەموو ئەدەب و وێژەیەک، پێویستی بەڕیشەو ڕەگەزێکە بۆژیان، بۆمن... ئەم ڕیشەو ڕەگەزە، ئینسانە.

بۆمن دەبێت خاڵی دەسپێکردنی ئەدەبیات، ئینسان و مەسەلەئینسانییەکانی بێت، جیاوازو بەدەرلەوەی کە ئەم ئینسانانە، چ ڕەگەزو نەتەوەو ئاینێکیان هەیە.

کلتوری هەزاران ساڵەی ئینسان موڵکی هیچ نەتەوەو ڕەگەزێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو بەرهەمی بیروهۆشی سەرجەمی مرۆڤایەتییەو ئەدەب و هونەر لەپەیوەند بەئینسان و حەزوئارەزو، هیواو خۆزگەو... دژایەتییە مادی مەعنەوییەکانییەتی، کە مانا، پەیدادەکات.

ئینسان و حەزوو ئارەزووەکانی ڕیشەییەکی هاوبەشیان پێکەوەهەیە، ئینسانی بوونی ئەدەبیات... ئەدەبیات جیهانی دەکاتەوەو دەبێت بە هی هەمووومان.

هاوڕێ!

ئەگەر وایە؟...

جێگەی خۆییەتی بۆ ئەو دوورگەیە، شعرێک بنێرم،

سەرەڕای هەرکەموکوڕییەکم دەزانم، یارمەتیدەرم دەبێت.

جوانترین سڵاوم بۆ ئێوەو هاوسەرە بەڕێزەکەتان و، لەدوورەوە دەستان بەگەرمی دەکووشم.



# دووبارە خوێندنەوەی سەرمایەی ماركس - وتار لە ئەنجومەنی ماركسی لەندەن - شوباتی ٢٠٠١ وەڵامی چەند پرسیارێك

## دەقەكە لە شریتەكە وەرگیراوە

حیكمەت: ماركس مشتومڕ لەگەڵ فۆیەرباخ دەكات، لە بنەڕەتدا، لەگەڵ ماتریالیزمی پێش خۆی. فیورباخ نموونەیەكی باشی ماتریالیزمە، كە بێگومان هەمووی لەسەر ئەو ڕاستیەیە كە ماركس دەڵێت بە بڕوای فۆیرباخ جیهانی ماتریالیزم جیهانی ماتریالیزمە و عەقڵی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانەیە. ئەگەر جیهان بەرهەمێكی پراكتیكی بێت، ئەوەندەی بەرهەمی جیهان و سروشت و بارودۆخی ماددی دەرەكییە، بەرهەمی پراكتیكی مرۆڤە و كۆی ماتریالیزم بۆ ماركس مەقولەیەكی بنەڕەتیی هەیە "هێزی زیندووی مرۆڤ سوودبەخشە". لە بارودۆخەكانیدا". ماركس دەڵێت ئەم وێنانەی لێرەدا دەیبینن سێ سەد ساڵ لەمەوبەر شتێكی تر بوون. ئەم واقیعە بابەتیی دەرەكییە جێگەی پراكتیكی مرۆڤایەتی گرتەوە. ئەمەی خستە سەر ڕوونكردنەوەی ماتریالیزمی خۆی. بەڵام لەلایەكی دیكەوە، لە دیدی ماركسدایە كە كۆمۆنیزم و ماتریالیزمی پراكتیكی پێكەوە بەكاردەهێنێت - بە هەمان هۆكار كە لە بەشەكەی تردا وتم. ئەو مەقولە گۆڕانكارییە كە ناوەندی بیری ماركسە، كە دەبێ ئەو دیاردەیە بگۆڕدرێت و فەیلەسوفەكان چۆن لێكدانەوەیان بۆ جیهان كردووە، لەكاتێكدا بنەما لەسەر گۆڕینی جیهانە.

ئێمە بە وردی باسمان لە شوێنی پراكتیك كرد لە تیۆری ماركسیزمدا، بە تایبەت لە دووهەمین كۆبوونەوەی كۆمۆنیزمی كرێكاریدا. لێرەدا ماركس بە ڕوونی ماتریالیزمی پراكتیكی بە پێچەوانەی ماتریالیزمی گەمژانە و تەنیا تیۆری و فیكریی فۆیەرباخ بەكاردەهێنێت. بە پێچەوانەی ئەوەی كە جیهانی ماددە و دونیای عەقڵ دوو دیاردەی جیاوازن و ڕووبەڕووی یەكتر دەبنەوە و پردێك لە نێوانیاندا نییە. ماركس دەڵێت ئەمە بە پراكتیكی مرۆڤ دەگۆڕێت، ئەم پراكتیكە خودی جیهانی ماددی دەگۆڕێت.

پەیوەندی نێوان ئەم لایەنەی ماركسیزم و بوونی بابەتیی چینی كرێكار چییە؟ ئایا چینی كرێكار لە پێگەی چینایەتی خۆیدا بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی درك بەم پرسە دەكات یان لە ڕاستیدا دركی پێكردووە؟ ئەگەر وایە فۆڕمی چییە و لە چ پەیوەندییەكدایە؟

حیكمەت: هاوڕێ هادی ئێوە ئەڵێن كە من باسم لە لایەنی نەرێنی سەرمایە كردووە، لایەنی نەرێنی كۆمۆنیزم و ماركسیزم، واتە گۆڕانی بارودۆخی ئێستا بنەمای ئەوانە... چینی كرێكار، كە توخمە چالاكەكەی ئەم گۆڕانكارییە، ئاگاداری ئەم ڕۆڵەیە خۆی وە ئایا لە ژیانی كۆمەڵایەتی خۆیدا دەرك بەم مەقولەیە دەكات یان نا؟

ماركس لە "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی"دا باس لە دوو خاڵ دەكات–لە بەشی ١١ بە ناونیشانی "پێشمەرجەكان بۆ ڕزگاری ڕاستەقینەی مرۆڤ"- دەڵێت كە دوو مەرجی بنەڕەتی هەیە بۆ ڕزگاری مرۆڤ، بۆ لەبەین بردنی كۆمەڵگەی ئێستا و لەناوبردنی كۆمەڵگەی چینایەتی. یەكەم: لە ڕوانگەی بابەتیی و ئابوورییەوە، هێزە بەرهەمهێنەرەكان ئەوەندە گەشەیان كردبێت كە بكرێت شتێكی دیكە بیخەیتە جێگەیان، ئەگینا دەبێتە دابەش بونی هەژاری، ئەگینا ئازادی بەدی نایەت. لە ئەنجامدا دەبێ هێزی ئابووری مرۆڤ ئەوەندە گەشەی كردبێت كە بتوانێت جیهان بگۆڕێت. وە خاڵی دووەم پەیوەندی بە پرسیارەكەتەوە هەیە. واتە ئەگەر هێزی گۆڕانكاری لە هەناوی ئەم كۆمەڵگەیەدا سەری هەڵدابێت، پێی دەوترێت جەماوەری شۆڕشگێڕ. دەبێ لە ناخی كۆمەڵگەی مۆدێرن جەماوەرێكی شۆڕشگێڕ هەبووبێت كە بیەوێت ئەم دۆخە بگۆڕێت. واتە ماركس میكانیزمەكە ڕوون دەكاتەوە، ڕێك بەو شێوەیەی كە تۆ دەیڵێیت، لە ڕێگەی چینی كرێكارەوە، كە چیتر ئەم دۆخە قبوڵ ناكات.

بەڵام پرسیارەكەت ئاماژە بە لایەنێكی ئایدیۆلۆژی زیاتر دەكات. ئایا دەڵێی چینی كرێكار وەك چینێك ئاگاداری ئەركی خۆیەتی؟ دەتوانین لێرەدا تاوتوێ بكەین. من پێموانییە ئەم مشتومڕە لە خودی سەرمایە و هتد، یان لە ماتریالیزمی مێژووییدا وەڵام بدرێتەوە. ئێمە دێینە سەر باسی مانیفێستی كۆمۆنیست و دێینە سەر ئەو باسانەی كە لە سەر تەوەری كۆمۆنیزمی كرێكاری وروژمان كردوون.

ماركس لە مانیفێستی كۆمۆنسیتدا، كۆمۆنیزم بە هۆشیاری بەشێك لە چین پێناسە دەكات نەك هۆشیاری تەواوی چین. ئەو دەڵێت كۆمۆنیستەكان ئەو بەشەن لەو چینەی كە دەركیان بە ڕزگاری چینی كرێكار و هەلومەرجەكانی بەدیهێنانی بردوە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەكانی تەواوی چین دەكەن لەبەرانبەر بەشەكانیدا،و بەرژەوەندی چینی جیهانیش لەبەردەم بەشەكانی وڵاتەكەیدا دەكات، و ڕزگاری تەواوی مرۆڤایەتیش. كۆمۆنیزم بەشێكی خۆئاگایە لەناو چیندا. بەم مانایە كۆمۆنیزم بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە، لەڕێگەی ئەم هەلومەرجەی سەرمایەداری كۆمۆنیزم لەخۆیدا دەداتە دەرەوە، بەڵام بەو مانایە نییە كە چینی كرێكار كە بەیانیان بە فیكەیەكی كارگە دەچێتە سەركار و شەوانە بە فیكەیەكی كارگە دەڕواتە دەرەروە لەكارگە، ئیتر بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی دەبێتە كۆمۆنیست.

ئەو ڕونكردنەوەی كە مرۆڤ لە ئەدەبیاتی ماركسیستەوە وەری دەگرێت ئەوەیە كە ئەمە كاری حیزبێكی سیاسیە. ئەمە كاری بەشێكی دیاریكراوی ناو چینە، كە بە وردی پەیوەندی بە لایەنی زانستی سەلمێنەری كۆمۆنیزمەوە هەیە. كۆمۆنیزم دەبێ فێر بكرێ، بهێنرێتە ناو چین و ئەو بەشە خۆئاگا و كۆمۆنیستی چینەش پەروەردە بكرێت و دروست بكرێت. وە ئەمەش لە بنەڕەتدا لە ئەدەبیاتی كۆمۆنیستدا بە حیزبی كۆمۆنیست ناودەبرێت. ئێستا ئێمە لە سەدەی بیستەمدا دەژین و گوێمان لە "حیزبی پارێزەر"، "حیزبی ئازادی"، "حیزبی توودە" و هتد بووە. بەڵام لەو كاتەدا كە ماركس مانیفێستی نووسیوە، مەقولەی حیزب مانایەكی فراوانتری هەیە لەچاو ئەوحزبە سیاسیانەی كە لە سەدەی بیستەمدا دروست بوون، وە دەزانرێت كە سەرۆك و ئۆفیسەكەیان لە كوێن و هتد.

ماركس باس لە حیزبی كۆمۆنیست دەكات وەك بزووتنەوەیەك و تۆڕێكی بەرفراوان لە چالاكانی كۆمۆنیستی ئەورووپی، كە هێڵی فكری جیاوازیان هەیە و ڕەنگە هەندێك جار پێكەوە كۆنفرانس و سیمیناریان هەبێت، بەڵام كۆمەڵێك ئەدەبیات و تاك و بازنەیەك كە بە تەواوی و لە بنەڕەتدا كرێكاری پێشكەوتنخوازن. وە ڕۆشنبیرانی كۆمۆنیستن، و پێیان دەوترێت حیزبی كۆمۆنیست. واتە ماركس ئەو مەیلە كۆمۆنیستییەی كرێكاران كە لەناو چیندا سەریهەڵداوە بە حیزبی كۆمۆنیست ناودەبات. بە شێوەیەكی دینامیكتر سەیری حیزبەكە دەكات. دەبێت ئەو بزووتنەوەیە سەرهەڵبدات. پاشخانی ئەو بزووتنەوەیە ئۆتۆماتیكییە و ئێستا لەگەڵ ماركسیزم و بیركردنەوەكانیشی دایە، بەڵام دەبێت سەرهەڵبدات. ئەمەش واتە دەبێت دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، بەرەنگاری بێتەوە، ڕەخنەی لێبگیرێت، بكرێت وەڵامی ڕەخنەكانی بدرێتەوە و هتد. ئەمە ئۆتۆماتیكی بەدەست نایەت.

بەڵام ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی وا گریمانە دەكات كە جەماوەرێكی شۆڕشگێڕ لە كۆمەڵگەی هەبوودا هەیە - شۆڕشگێڕێك، نەك بە مانای چریكی فیدائی وشەكە - شۆڕشگێڕ بەو مانایەی كە من وتم، بە مانای نەرێنی وشەكە. شۆڕشگێڕ لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا بە واتای كەسێك دێت كە بیەوێت بگۆڕێت، نەك كەسێك كە بە گۆرانی"دایە، دایە" بڵێت و چەك بەدەستەوە بگرێت – بێگومان بەوە ناڵێن"شۆڕشگێڕ". ئەوەی كە مەبەستی لە "شۆڕشگێڕ" ئەوەیە كە دەیەوێت سیستەمی هەبوو بگۆڕێت، بەئەمە دەڵێت جەماوەرە شۆڕشگێڕ. ئەو كەسەی كە نایەوێت، قبوڵ ناكات و دەیەوێت شتێكی تر جێی بگرێتەوە. بەم مانا شۆڕشگێڕانەیە. بە واتای "مەكتەبیە" و "ئۆردوگایی" نییە. "شۆڕشگێڕ" وەك ئەو چینەی كە دەیەوێت ئەم بارگرانییە لەشانی خۆی فڕێ بدات. بەم مانایە دەڵێت جەماوەرێكی شۆڕشگێڕ سەرهەڵدەدات و دەبێت سەرهەڵبدات. وە ئەم جەماوەرە شۆڕشگێڕە جگە لە هەلومەرجی ئابوری ئامادە، كە دەتوانێت جێگەی ئەم سیستەمە بە شتێكی تر بگۆڕێت، ڕزگاری ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی كارا دەكات. لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیادا ئارگیومێنتی ماركس ئەمەیە. بەڵام باسی ئێمە هەمیشە ئەوە بووە كە دەماری ئایدیۆلۆژی (ئایدۆلۆژی وشەیەكی باش نییە)، دەماری تیۆری و باری زانستی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی بخرێتە ناویەوە. ماركس خۆی ئەم كارە دەكات و ماركسیستەكان بەگشتی ئەو بەشەن كە ئەم هۆشیارییە دەهێننە ناو بزوتنەوەی چینایەتییەوە.

– باسی میتۆدی ماركست كرد. لە پەراوێزی باسەكەیدا ماركس دەڵێت زمانی هیگڵم بەكارهێناوە. وا دیارە لەگەڵ باسەكانی ماركسی گەنج و ماركسی پیردا سنووردارکردنێكی ڕوونتان هەیە. لە باسەكەتدا ئارگومێنتێكت هەیە و ئاماژەكردن بەكتێبی ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی دەریدەخات كە تۆ پچڕانێك لە بۆچوونەكانی ماركسدا دەبینیت...

حیكمەت: ڕاستگۆیانە بڵێم من لە قۆناغە جیاوازەكانیدا، یان كاتێك دەچێتە ناو ئابووری یان سیاسەت و هتد، پچڕانێك لە بیری ماركسدا نابینم. سەبارەت بە باسی شێوازی...

– چی دەڵێیت دەربارەی دیالێكتیكی هیگڵ؟

حیكمەت: پێم وایە لە هەموو كاپیتاڵدا دەتوانرێت دیالێكتیكی هیگڵی پیشان بدرێت، ئەوە من دەیڵێم. واتە دیالێكتیكی هیگڵی لە كاپیتاڵدا زۆر جوان بەكارهاتووە. لە بەشی "بەرهەم"دا، حەز دەكەم بگەڕێمەوە سەر باسی میتۆد. ئەو كێشەیەی كە من لە خستنەڕووی باسی "میتۆد"م هەیە ئەوەیە كە ناتوانین بە شێوەیەكی ئەبستراكت باسی میتۆدەكە بكەین پێش ئەوەی چەند بابەتێكمان هەبێت كە بتوانێت جەوهەر ببەخشێت بە باسی میتۆدەكە. لە درێژەی ئەم باسەدا پێویستە–لە چەند شوێنێكدا، واتە كاتێك باسەكە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە كەمێك بەرەو پێشەوە دەڕوات– بوەستین و باس لە میتۆدەكەی بكەین، بزانین لێرەدا ماركس چ جۆرە میتۆدێك شیكاری دەكات. وە سەرەتای ئارگیومێنتەكەم لە ڕاستیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە چۆن ماركس خۆی ئارگیومێنتەكە دەخاتە ڕوو و چۆن دەیباتە سەر–بە پێچەوانەی ئەوەی كە چۆن لە ئارگیومێنتەكە تێدەگات. دەبێت باسی ئەمانە بكەین.

بێگومان بە بڕوای من، سەرمایە نموونەیەكی باشە لە تێگەیشتن لە باسی دیالێكتیك لە شیكاری زانستی و ڕەخنەییدا، هەروەها چوارچێوەیەكی كلیشەیە بۆ باسكردنی abstraction – ئەبستراكشن، میتۆدی ئەبستراكت لە مەقولە و چۆنیەتی ئەبستراكت لە فۆرمەكان و بچمە ناوەڕۆكەكەیان و لە بەشەكەوە بگەڕێمەوە بۆ كۆی گشتی و هتد دەگەم بەو شتە. پێم وایە سەرمایەی ماركس بەم مانایە بەڵگەنامەیەكی دیالێكتیكە. تەنانەت "گروندریسە" زۆر زیاتر لەم جۆرەیە. بەڵام كاپیتاڵیش هەیە، بە تایبەت ئەگەر سەیری سەد لاپەڕەی یەكەمی كاپیتاڵ بكەین، بە تەواوی دیالێكتیكە...

– ماركس لە شوێنێكدا باس لە چین دەكات لە خۆیدا و چین بۆ خۆی، لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا... ئایا چینی كرێكار ئاگایە یان نا پەیوەندی بەم مەقولانەوە هەیە؟

حیكمەت: كاتێك ماركس دەڵێت چینی كرێكار... فێربووین كە وەك سەندیكا بیر لە كرێكار بكەینەوە، كاتێكیش دەڵێین "چینی كرێكار"، مەبەستمان كۆی ژمارەی ئەو كرێكارانەیە كە دێنە كارگە! بە بڕوای ماركس، خودی چینی كرێكار ئەو چینەیە كە لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا سەریهەڵداوە، لە نهۆمی هەژدەیەمی بینایەكەوە دەبینیت كە كرێكاران دەچن بۆ كاركردن. كرێكارن چینی كرێكار یەكێكی ترە لە مەقولەكان. بۆ خۆی ئەو كاتەیە كە ئەم چینە پێگەی خۆی دەردەخات و چین دەبێتە چینی خۆی، كە ئاگاداری بوونی جیاوازی خۆیەتی لە كۆمەڵگەدا. وە بەڵێ ئێمە كرێكارین و ئەمە پێگەی ئێمەیە لەم كۆمەڵگەیەدا. سەرهەڵدانی ئەم خۆ وشیاریە چیتر ئۆتۆماتیكی نییە. مەقولەكە بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لەلایەن كۆمەڵگەوە دیاری دەكرێت. ڕەعیەتەكان كە بێدەسەڵات بوون، هاتنە شار و بوون بە كرێكاری مووچەخۆر. كرێكارێك هەیە، لەخۆیدا چینێكە. چینێك كە بەڕاستی بوونی هەیە و هێزی

کاری خۆی دەفرۆشێت و بەو شێوەیە دەژی. بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە خۆی بۆ مارکس، دەگەڕێتەوە بۆ باسی هەڵوێست، دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینی، دەگەڕێتەوە بۆ باسی سیاسەت بۆ مشتومڕی فراکسیۆنەکانی ناوخودی بزووتنەوەی چین و هتد. خودی مەقولەی چین بەم شێوەیە پشکنین دەکرێت. حیزبایەتیی چینایەتی دێت و دەبێتە بەشێک لە پێناسەکەی – لێرەدا لە باسی چینایەتی بۆ خۆی.

– لە شوێنێک لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیدا، مارکس باسێکی لەبارەی چینەوە هەبوو کە دەڵێت چین بۆ ئێمە abstraction، ئەبستراکتە، شتێکی تایبەت نییە...

حیکمەت: لە خۆیدا نییە، لە خۆیدا abstractionنییە، لە خۆیدا واقیعییە. کاتێک دەگەینە پرۆسەی کار و کڕین و فرۆشتنی کار، دەبینین دیاردەی کرێکار زۆر بابەتییە، وەک چۆن کەسێک کە کارەکەی دەفرۆشێت، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بابەتییە.

– باسی پێگەی بابەتیی و زانستی سەرمایەتان کرد. ئەگەر بە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم ناوی ببەم، پێشتر لە چەپی نەریتی ئێمەدا، ئەم لایەنە زانستی و بابەتییانە وازیان لێ هێنرا و لایەنە ڕەخنەگر و ناڕازییەکانی مارکس وەک ئایدۆلۆژیایەک کاریان دەکرد...

حیکمەت: بۆ وا وایە؟

– پرسیاری دووەمم ئەوەیە کە ئێوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژایەتیتان بۆ پێدانی بەرنامەکە لەلایەن سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانەوە وروژاند. ئەگەر ئەمڕۆ سەیری بکەین، ئەنارکیستەکان پێیەکی جێگیری بزووتنەوەی دژە سەرمایەدارین. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە زۆربەیان هەم لە ڕابردوو و هەم لە ئێستادا خۆیان لە پێدانی مۆدێل و بەدیل بەدوور گرتووە.

حیکمەت: بەشی یەکەمی وتارەکەت، "بۆچی چەپەکان بەگشتی لایەنە شۆڕشگێڕ و یاخی و ئۆپۆزسیۆنخوازەکانی مارکسیزمیان گرتووەتە بەر و هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکە زانستییەکەیەوە نەبووە" و هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو چەپانەی کە تۆ باسی دەکەیت ئەم کتێبە بەکەڵکیان نایەت. ئەو باسە بخوێنەرەوە کە لە "بەرەو سۆسیالیزم" ژمارە ٢ی خولی دووەمی دژی "وەحدەتی کۆمۆنیست"دا خستوومەڕوو. لەوێدا هەوڵم داوە ئەوە نیشان بدەم کە کێشەی وەحدەتی کۆمۆنیستی بۆ نموونە ناپیشەسازیی ئابووریی ئێرانە. ئەگەر کێشەکەتان بە پیشەسازی نەبوونی ئابوری ئێرانە – وەک ڕاهی کارگەر– ئەوا سوودی کتێبی سەرمایە چییە؟ سەرمایە دەیەوێت نیشان بدات کە پیشەسازی هەرچی بێت لە کۆتاییدا موڵکی لایەنی بەرامبەرە، کە بنەمای ئیستغلالکردنی سەرمایەداری پیشەسازییە. ئێستا ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی پیشەسازی بێتە ئەم وڵاتە و خاوەندارێتیەکەشی سەرمایەداری بێت!

پێم وایە بەشێکی گرنگ لە فەرامۆشکردنی تەوەری زانستی مارکس (هەمان کاپیتاڵ و هتد) لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەکەین، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو لایەنە نەرێنییەی دۆخی ئێستاوە نییە. گرنگیان نییە ئەوەی کە لەناویان دەبەن بەڕاستی سەرمایەدارییە کە لەناو دەبرێت. ئەمانە سەر بەو بزووتنەوەیە نین کە دەیەوێت دۆخی ئێستا بگۆڕێت. ئەمانە بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی توندوتیژن.

بە بڕوای من "ڕیفۆرمیزمی زۆرەملێ" زۆربەی سەدەی بیستەم لەگەڵ مارکسیزم تێکەڵ کراوە. چونکە توندوتیژە، خۆی بە شۆڕشگێڕ ناودەبات. بەڵام ڕیفۆرمخوازی زۆرەملێیە. چونکە ئەوەی دەیەوێت بیهێنێ جگە لە خۆگونجاندن لە سیستمی هەبوو هیچی تر نییە. دەتوانی بچیت شۆڕشێک بکەیت و بە تانکێکەوە بچیتە ناو تاران و بڕیار بدەیت کە یارمەتی بدەیت بە سەرمایەدارە نەتەوەییەکان و دەستی بیانییەکان لە موڵکی گشتی ببڕیت و نەوت بە نیشتمانی بکەیت یان مس بە نیشتمانی بکەیت. بەڵام ئەمە بکە بە ڕێبازی چریکی، بە قەرەباڵغی و مانگرتنی زانکۆ، بە بەرد فڕێدان و بە هەزار و یەک شتی تر و بە خۆی دەگوت مارکسیست. ئەوان وتیان! بزووتنەوەی خوێندکاری شەستەکان خۆی بە مارکسی ناو دەبرد. هیچ پەیوەندییەکی بە مارکسیزمەوە نەبوو. بزوتنەوەی جوتیاران لە چین و بزووتنەوەی بۆرژوازی نەتەوەیی لە چین خۆیان بە مارکسی ناودەبرد، و هیچ پەیوەندییەکیان بە سەرمایە نەبوو. چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە لایەنی ئابوورییەوە نییە. پێم وایە لایەنی زانستی سەرمایە و مارکسیزم هەمیشە لەبیر دەچێتەوە کاتێک ئەو بزووتنەوەیەی ئێمە باسی دەکەین ئەو بزووتنەوەیە نییە کە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ گۆڕینی ئەم سیستەمە دۆزرایەوە. بزووتنەوەی جوتیاران بۆ زەوی دۆزراوەتەوە، بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی چینی دەستی کردووە بە ڕزگاربوون لە بافور و تریاک و ئینگلیزەکان، بۆ ئەوەی دواجار چین بتوانێت وڵاتەکەی ئاوەدان بکات. جیهان دونیای دوای کۆنگرەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە، هەموان دەیانەوێت لە شوێنێک شتێک بڵێن، چونکە لینین وتی، بە سۆشیالیست ناوی ببە، هەروەها وتی ئێمە سۆشیالیستین، ئامانجی ئەویش یارمەتیدانی بوو لە دژی ڕووسەکان. ئەوان پێویستیان بە سەرمایە نییە. چونکە بڕۆنە ناو سەرمایە وە سەریان گێژدەخوات و دەڵێن ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. سەرمایە پەیوەندی بە پیشەسازیکردنەوەی وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە نییە. ئەم سەرمایە بۆ هەموو سیاسەتی چریکی بۆ نموونە خەتی٣ و هتد کە لەسەر بنەمای داخوازی پیشەسازی سەربەخۆ لە جیهانی سێیەم و وڵاتانی دواکەوتووە بنیاتنراوە، کاپیتاڵ سوودی چییە؟!

بێگومان ئەم کتێبەم هێناوە – ئەفسانەی بۆرژوازی نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز – کە مشتومڕێک بوو ئەو کاتە لەگەڵ چەپی ئێراندا هەمانبوو. بەدڵنیایی ئەمە بابەتەکەیە. بە ڕوونکردنەوەی کتێبی سەرمایە دەستی کرد. دەڵێت بەڕێز گیان ئەگەر ئەمە بخوێنیتەوە تێدەگەیت کە کێشمەکێشی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەسەر ئیستغلالکردنی هێزی کارە. فڵان خەڵکی کوێیە، دواتر پارەکەی بۆ کوێ دەبات، چ جۆرە کاڵایەک بەرهەم دەهێنێت، هاوڕێیەتی لەگەڵ کام ئەنجومەنی دەسەڵاتەدا هەیە، تا چەندە دیموکراسیە، دکتۆر موسەدق دەناسێت یان نا، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو ڕاستییە نییە کە سەرمایەداریی پەیوەندی بە ئیستغلالکردنی هێزی کارەوە هەیە. ئایا ئێوە لەگەڵ ئەمەدا ناکۆکن یان نا. ئەگەر دژی سەرمایە بیت، ئەم مشتومڕانە فڕێ دەدەیت سەبارەت بە وابەستەیی و هتد. پێویستە بێیتە سەر باسێکی شۆڕشی سۆسیالیستی. کۆی باسی "ئەفسانەی بۆرژوازی میللی–پێشکەوتنخواز" وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە هاوڕێکەمان وروژاندی.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جگە لەو بزووتنەوە ڕاستەقینەی کە باسم کرد، "بزووتنەوەی ڕاستەقینە کە ئامانجی گۆڕینی دۆخی ئێستایە". کۆمۆنیزم تاکە بزووتنەوەی ناڕەزایی نییە لە جیهاندا، سەدان بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دیکەش هەن: فێمینیزم بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتییە. بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەیە. بزووتنەوەی وڵاتانی دواکەوتوو و بۆرژوازی بۆ پیشەسازیکردن و دواجار پشک و ڕێژەیەکی باشتر لە دەسەڵات و پارە لە جیهاندا بەدەست بهێنن بە بەراورد بە وڵاتانی ئیمپریالیست، بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینەیە و خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی. بەڵام هەژموونی مێژوویی کۆمۆنیزم وای لێکردوون سەردەمانێک خۆیان بە مارکسیست ناوببەن. پاشان وای لێکردن ڕەخنەو و کتێبەکانی خۆیان بنووسن. لە ئەنجامدا فڵان بەچوار بەرگ لە بیری ماوەوە دێتە ناو ئەم بزووتنەوەیەوە. وە هەر کاتێک سەرمایە دەهێنێتە پێشەوە، خۆبەخۆ خەریکیت ڕەخنەی لێدەگریت. ئەمە بنەمای سەرهەڵدانی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست لە دەوروبەری سەرمایە هەر ئەمە بوو. ئێمە لەسەر بنەمای سەرمایە لەگەڵیان چووینە گفتوگۆ. "ئەفسانەی بۆرژوازی میللی" ڕستەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە؛ ئەو دەڵێت ڕوونکردنەوەی مەقولەی بەها و بەهای زیادکراو کەیسی نیوەی زیاتری باسەکانی ئەو پۆپۆلیستانە دادەخات. هەر بۆیە دەمانەوێت ڕوونیان بکەینەوە. وە ئەویش هەمان شتی کرد. کاتێک لە "ئەفسانەی بۆرژوازی نیشتمانی"دا سەرمایەمان ڕوون کردەوە، خەڵکێکی زۆر وازیان لە ڕێکخراوە پۆپۆلیستیەکەیان هێنا و پەیوەندییان بەم ڕێکخراوەوە کرد. چونکە کەیسەکە مشتومڕی سیاسی ئەوان دادەخات.

تۆ لە بەشی دووەمدا وتت چی ڕوودەدات کاتێک ئەنارکیستەکان شێوازی خۆیان ناخەنە ڕوو؟ بە بڕوای من ئەشێ هێشتا جێگای گفتوگۆ نەبێت، بەڵام دەبێت بزانین ئەنارکیست دەیەوێت چی بگۆڕێت. کاتێک مرۆڤ سەیری بزووتنەوەی ئەنارکیست دەکات، دەبینێت کە ئەوان ناڕەزایەتیان بەرامبەر زۆر شت نییە. من گومانم هەیە کە ئەنارکیستەکان ناڕەزایەتیان هەبێت بەرامبەر بە سروشتی کرێی کار. باسێکی سیستماتیکی ئەنارکیستیم لە پەیوەند بەوەوە نەبیستووە کە ئەنارکیستەکان ناڕەزایەتیان بەرامبەر بە تایبەتمەندی کرێی کار یان بە ڕێکخستنی بەرهەمهێنان هەبێت. ئێستاش ئەوەی کە لە بزووتنەوەی ئەنارکیستی دژە سەرمایەداریدا لە سیاتڵەوە تا ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەیبینن، ناڕەزایەتییانە لەدژی سەرمایەی گەورەوە پاوانکراو. بزووتنەوەیەکی دژە پاوانخوازییە. ناڕەزایی دژی پاوانخوازی سەرمایەدارییە، دژی سەرمایەی گەورەیە. حیزبی کۆمۆنیستی ئینگلتەرا و هەموو یۆرۆ–کۆمۆنیزم لەم قۆناغەدا لەسەر بنەمای هاوپەیمانی چینایەتی دژی قۆرخکارییەکان دامەزراوە. من وەک کۆمۆنیستێک قۆرخکارییەکانم پێ باشترە لە سەرمایەی بچووکی نەتەوەیی–نیشتمانی. لانی کەم لە پێشوازیەکەیاندا سڵاو لە خەڵک دەکەن، ئەو بروشورە پرینتەرەی کە بەرهەمەکە بۆ مرۆڤ دەکاتە ناو قوتووە :–) لەبری ئەوەی لە بەیانییەوە تا شەو مێشکی خەڵک بخاتە ژان بۆ ئەوەی شتێک دروست بکات، ئەوە سەرمایەی گەورەیە و خەریکە کاری خۆی دەکات. ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە تەواو پێچەوانەی فراوانبوونی قۆرخکارییەکان بێت و بیەوێت هەموو ئەو وەرشەی قاڵبکاری و وەرشەی فەرش بونیادنان و هتد بمێنێتەوە. من ناڵێم ئەنارکیستەکان ئەمە دەڵێن. بەڵام کاتێک سەیری دروشمەکانی ئەم خۆپیشاندانانەی سیاتڵ و هاوشێوەکانی دەکەیت، ناڕەزایی گەنجان لە ٦٠ و ٦٨ەکاندا دژ بە سەرمایەی گەورەت بیردەخاتەوە و "بچووک جوانە"! دروشمی "بچوک جوانە" بەڕای من زۆر دژە مارکسییە. چونکە وەک وتم لەناوچوونی ئەو دۆخەی کە هەیە ناتوانێت بە مانای گەڕانەوە بۆ ئەو دۆخەی پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا بێت. تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی هەبوو شێوازی گۆڕینیشیمان بەسەردا دەسپێنێت.

– هەموو پێکهاتە ئابوورییەکان قۆناغێکیان هەبووە. سەرمایەداری بە هەر حاڵ تەمەنێکی هەیە. ئایا مارکس لە شوێنێک باسی لەوە کردووە کە تەمەنیان هەیە و سەرمایەداریش تەمەنێکی هەیە؟

حیکمەت: باسێکی سەرنجڕاکێشە. دوای ڕووداوەکە دەتوانرا تەمەنیان ببینرێت. وەک مارکس دەڵێت مرۆڤ وێنەی خۆی لە مێژووی دوای ڕووداوەکە وەردەگرێت، نەک لە پێش ڕووداوەکەوە. پێم وایە مارکس وا بیر ناکاتەوە کە ئەگەر پێش شۆڕشی فیۆدالیزم دانیشتبای، پێت وابوو تەمەنێکی درێژی هەیە. ئێستا بە زاراوەی post festumدەبینین کە ئەم چیرۆکە ئەوەندە ماوەیەکی زۆری خایاندووە. من پێم وایە ئەگەر مارکس بگرێت و بیخەیتە قۆناغی فیۆداڵی و بڵێیت "هیچ لە داهاتوودا نازانیت، ئێستا قسە بکە"، لەوێدا لەناوچوونی فیۆدالیزمیش دەبەستێتەوە بە دۆزینەوەی هەلومەرجی دەروونی بۆ لەناوچوونی. ئەگەر فیوداڵەکان بەردەوام بەرەنگاری زەوتکردن و دابەشکردنی زەوییەکان بن، ئەگەر فیوداڵەکان بەردەوام ڕێگری لە ئازادکردنی هێزی کار بکەن، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆرەوە فیودالیزم زیاتر بەردەوام دەبێت.

من وا بیرناکەمەوە. مارکس تەسلیم نەبووە، بەڵام لەڕادەبەدەر گەشبینە. وا دیارە بیرۆکەی مارکس سەبارەت بە ژیانی سەرمایە لەڕادەبەدەر گەشبینانە بێت. پێی وایە لە هەمان سەدەدا نامێنێت. هیچ ئاماژەیەک بە سەدەی بیستەم لە نووسینەکانی مارکسدا نییە کە تۆ دەیخوێنیتەوە. وا دیارە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە، تەنانەت بە پلەی یەکەم لە خودی ئینگلتەرا و بە شێوەیەکی ئاشتیانە. ئەمە ئەو وێنەیەیە کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت. لە هیچ شوێنێک نەمبینی کە مارکس ڕازی بوبێت و وتبێتی بە دڵنیاییەوە لێرەدا کۆتایی دێت. بە تایبەت دواتر لەگەڵ مانیفێستی کۆمۆنیست و لەگەڵ ئەم باسانەدا کە لێرەدا ئاماژەم پێکرد، وا دیارە بە پراکتیکی چینی شۆڕشگێڕەوە بەستراوەتەوە تا نەمێنێت. بەڵام ئەو دەڵێت ئەگەر ئەم کارە نەکرێت سەرمایەداری هەمیشە لە قەیراندا دەبێت و هەمیشە لە قەیران دێتە دەرەوە، لە قەیرانە دەورەییەکان و هتد. بەڵام من لە خاڵێکی دیاریکراودا و لە ناچاریدا ڕووبەڕووی لەناوچوونی خۆبەخۆ نەبوومەوە.

بنەمای ئەم بابەتە زارەکییە. ئەم دەقە لەلایەن دێنیس ئازادەوە لە شریتی کۆبوونەوەکە نووسراوە.

**بنەمای ئەم بابەتە زارەکییە. ئەم دەقە لەلایەن دێنیس ئازادەوە لە شریتی کۆبوونەوەکە نووسراوە. وەرگێڕانی بۆ کوردی: کاوە عومەر**



## نەجمەدین فارس : ئەوەی بەسەر ڕۆڵی ئێراندا هاتووە، گۆڕینی پێگەی سیاسی و سەربازی هێزەکانە بەسوودی پێگەی ئابووری و سەربازی زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان...

### دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەری مارکسیست نەجمەدین فارس حەسەن سەبارەت بە "دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان لە ژێر کاریگەری ڕوداوەکانی ناوچەکە، پرسی کورد و پەکەکەو موچە و ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان"

**بۆپێشەوە: ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ماوانەی دوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست... لەوانە لاواز بوونی پیگەی ئیران و هیزە نیابەتیەکانی، بەهێزبوونی پیگەی تورکیا، روخاندی رژێمی بەشار ئەسەد، بەرجەستەبوونەوەی پرسی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا...تاد، چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی عێراق و کوردستان هەیەو دەبێت؟**

**نەجمەدین فارس:** ئەوەی هەتا ئێستا لەم ناوچەیدا هەبووەو گوزەراوەو دەگوزەرێت، پەیوەندی بە دابەشکاری کارەکتەرە زلهێزە نێودەوڵەتییەکانەوە هەبووەو هەیە. هۆکاری ئەمەش کێشەو ململانێ ئابووریەکانی نێوان ئەم هێزە نێودەوڵەتیانەیە، کە لەڕووی ئابووری و تەکنۆلۆجی سەربازییەوە تواناو هێزگەلێکیان هەیە، پێویستی بە خولقاندنی جەنگ و کێشەی ناوچەیی دوور لەخۆیان هەیە. هەمیشە جەنگەکان درێژە پێدەری سیاسەتە ئابووریە لیبراڵی و ئەجندا سیاسیەکەیان بووە. جەنگەکان بەشێکی گەورەی بازرگانی و فرۆشتنی چەک پێکدەهێنن، پێکیانهێناوە. لەبەرئەوە جەنگەکان خەسڵەتی سیاسی سەرمایەداری لیبراڵییە، لە مێژووی درووست بوونی سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی، جەنگ پێناسی درێژەپێدەری سیستەمەکەی بووە، هەرئەوەشە کە زۆرترین جەنگ و خوێناویترینیان، پڕکوشتارترین جەنگەکان، هەر لە مێژووی سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی روویانداوە. نموونەکانیش زۆرن، وەکو هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیە و جەنگەکانی پاش و پێشی ئەودوو جەنگەش و درێژبوونەوەی تا ئێستای بەجۆر و شێوازی جیاوازجیاوازن. تیرۆر و دروستکردنی گروپی جیاواز جیاوازی تیرۆریستی، بەرهەمی سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵە، هەم وەکو تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەت و لەلایەکی تریش تیرۆری گروپە جیهانی و ناوچەییەکانە، خۆیان خولقێنەریین و بەڕێوەبەریشین. لەبەرئەوەی پێویستیە بۆ کرداری دادۆشین و هەڵوشینی سەروەت و سامانی ماددی و مرۆیی ئەم ناوچانە. دانان و مانەوەی درێژخایەنی هێزەسەربازییەکانییان و بنکەکانییان لەم ناوچانە، بەردەوام هۆکاری هێڵی گەرمی جەنگە ناوخۆییەکان وناوچەییەکان بووە. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمییان ڕێگری کردن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەو خەباتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا لە ناوچەکەو جیهان، تێکدانی ڕەوتی خەباتی گۆڕانکاری و شێواندنی ژینگە و کاولکاری و وێرانکاری بووە بە درووستکردنی و برەوپێدانیان بە هێزەتیرۆریستە ئیسلامییەکان و گرووپە تیرۆریستیە جیاوازەکانی تر. دووهەمیان، لەپێناوی هێشتنەوە، یان گۆڕانی ئەو دەسەڵاتانەی خۆیان دایان مەزراندوون و دایاندەمەزرێنن بەبەرژەوەندی خۆیان. هەروەکو چۆن لە ڕابردوودا ئەندامانی دەسەڵاتی ئێستا لە سوریادا، تیرۆریست بوون، ئێستا ڕیشدارە تیرۆریستەکانی دەسەڵاتی سوریا، پیاوی بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتەن کە خۆیان دەیانەوێت، ئاسانکاری زۆریان بۆدەکەن تا دەسەڵاتی ڕیشدارەکان درێژەی هەبێت، بە بەرژەوەندی ئابووری هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان پشتیوانییان لێدەکەن. ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە هێزی تیرۆری ڕێکخراوی دەوڵەت و هێزە تیرۆریستە لۆکاڵی و ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەندامەکانی یەک خێزانن لە سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵ.

> **ململانێی نێوان ئۆلیگارشی کورد و ئۆلیگارشییەکانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی، بۆ خۆڵکردنە چاوی کرێکاران و چەوساوەکان و توێژەکانی تری سەرتاسەری کۆمەڵگەی عێراقە، لە پێناوی درێژەدان بەدەسەڵاتی چەوسێنەری توێژێکی جەردەو ڕاووڕوتکەری هەردوولا...**

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی بەسەر ڕۆڵی ئێراندا هاتووە، گۆڕینی پێگەی سیاسی و سەربازی هێزەکانە بەسوودی پێگەی ئابووری و سەربازی زلهێزە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان. لەڕابردوودا پێ لێڕاکێشانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، دروستکردنی هیلالی شیعی بەمەبستی دوورکەوتنەوەی جەنگ لەخۆی و کردنی جەنگی بە بریکاری لەلایەن گرووپ و دەوڵەتەکانی کە ئەجێندای شیعەگەرایی دەیبردن بەڕێوە. کاریگەری نەرێنی دادەنا لەسەر ئەم ناوچەیەی کە لەڕووی پێگەی وزەی جیهانییەوە ڕێژەی زیاتر لە سەدا چلی وزەی جیهانی لە خۆگرتووە، دروستکردنی کێشە بۆ بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی وزە، کاریگەری لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی وڵاتە بەرهەمهێنە گەورەکانی جیهان دەکات.

ململانێی نێوان ئێران و زلهێزەکان وە بەتاییبەتیتر ئەمریکا، دەوڵەتی ئێران بۆ ئەمریکا و بۆ زلهێزەکان دوو ڕووی هەبووە وە هەیە، ڕوویەکیان هۆکاری بازاڕکردنە بۆ چەکی سەربازی، کە توانیویەتی لە نێوان ساڵەکانی 2005 تا ٢٠١٠ بایی ٦٠ شەست ملیار دۆلار چەک تەنها بە سعودیە بفرۆشن. ئۆباماى سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا وتی بەهۆی فرۆشتنی ئەو بەهایە لەچەک لە ماوەی چوار ساڵدا ٥٧٠٠٠ پەنجاوحەوت هەزار هەلی کاری رەخساندووە. نوێترین بازاڕی چەک ئەو برە لە چەک فرۆشتنەی ئەمریکا بوو بەسعودییە، کە بەهاکەی ١٤٨ملیار دۆلار بوو لەساڵی ٢٠٢٥دا.

> **ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا بەڕووی ئەرێنیدا بڕوات و مافی سیاسی بۆ کورد فەراهەم بکرێت، ئەوا پێگەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی مۆدێلی فیدراڵی لە عێراقدا سەقامگیرتر دەبێت. ئەگەری ئەوەش لە ئارادا دەبێت کە ئێرانیش گۆڕانکاری لە شێوەو ناوی دەوڵەتەکەیدا ڕووبدات...**

ئێران و باڵەکانی لە ڕابردوودا، هۆکاری چەک فرۆشتنی ئەمریکاو وڵاتانی بەرهەمهێنی چەک بوون بە وڵاتانی کەنداو و دەورووبەریان. ئێران لە سیاسەتی ناوچەکەدا، لەم ڕووەیانەوە وەکو گورگەکەی بزنەکەی هەیاس پیشاندراوە، ئێستاش لەڕێگەی پەلوپۆکردنیەوە کراوە بە بزنەکە. نە دەیەڵن قەڵەوبێت و نەوای لێدەکەن بمرێت. لەبەرئەوەی لەم ڕووەیانەوە ئێران جیۆسیاسیەکەی وای کردووە کە ڕێگربێت لەبەردەم دەوڵەتی ڕوسیادا هەتا بگات بە ئاوی گەرمی خلیج. لە پێویستی قۆناغی ئێستای ڕووسیا و ئێران، وادەردەکەوێت هاوپەیمانێکی گەورەی یەکترین، لەپێناوی هاوسەنگی ڕاگرتنی هێزەکانیان لە ناوچەکانیان و لەسەر ئاستی جیهانیش، هەریەکەیان لەو ڕووەوە، دەوڵەتی ڕوسیا و ئێران سوود لەیەکتری وەردەگرن، بەڵام هاوپەیمانییەکی ڕکابەریشن.

لاوازبوونی ئێران، واتای لاوازبوونی هێزە ملیشاییەکەی شیعە لە عێراقدا، هەروەها لاواز بوون و هەڵوەشانەوەی ئەجێنداو پرۆژەکانی شیعەگەرایی و دەسەڵاتەکەیان، لەگەڵ دەرەوەی مەزهەب و نەتەوەکەی خۆیان لەگەڵ پێکهاتەو ئێتنیە جیاوازەکانی ناو عێراق، هەڵوەشانەوەی پرۆژەی فراوانخوازی ئێران لەناوچەکەدا. لەم ڕووەوە ئەگەری بەهێزبوونی پێگەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی کورد هەیە بەرامبەر بە حکومەتی ئۆلیگارشی فیدراڵی عێراق. هەروەها عێراق، ناتوانێت ببێتەوە بەدەوڵەتێک کە هەژموونی خۆی بسەپێنێ بەسەر دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا، کەوەکو لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هەیبوو. بەڵام هەموو ئەمانە خێری بۆ دانیشتوانی عێراق و هەرێم تێدا نییە. هاتا دێت کۆمەڵگەی عێراق و هەرێم مل بەهەژاری و نەداری زیاترەوە دەنێت.

بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا بەڕووی ئەرێنیدا بڕوات و مافی سیاسی بۆ کورد فەراهەم بکرێت، ئەوا پێگەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی مۆدێلی فیدراڵی لە عێراقدا سەقامگیرتر دەبێت. ئەگەری ئەوەش لە ئارادا دەبێت کە ئێرانیش گۆڕانکاری لە شێوەو ناوی دەوڵەتەکەیدا ڕوودات بەئاراستەی فیدراڵی ئێتنیە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە.

**بۆپێشەوە: بە پشت بەستن بەپەیام و بریاری ئۆجەلان پەکەکە بڕیاری چەک دانان و خۆهەڵوەشاندنەوەی خۆیدا، چۆن دەروانە ئەم هەنگاو و بڕیارەی پەکەکە... ئەمە شکستێکی تری بزوتنەوەی کوردایەتییە یان وەرچەرخانێک و گۆڕینی شیوازی خەباتی پەکەکەیە؟**

**نەجمەدین فارس:** لە بەشی کۆتایی پرسیارەکەوە، دەست بەوەڵام دانەوەی دەکەم. چونکە گرنگە پێشتر بزانیین ئەم هێزە چەکدارە، هێزگەلێکی نەتەوایەتییە، یان بزووتنەوەیەکی چەکداری ڕووتی گەریلاییە؟ بێگوومان ئەو بزووتنەوە چەکدارییانەی کە لە مێژووی کوردا هەبووە، ناتوانییت پێیان

بووتریێت، بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی، یان نیشتمانی کورد. لەبەرئەوەی هیچ کاتێک ئەو بزووتنەوە چەکدارییانە، هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی نەبوون، لەناو بازنەی بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی یان ناوچەگەرێتی، یان بەرژەوەندیخوازی شێخانە و خێڵەکییانەی تەسک و کەسێتی تاکی سەرکردەی هێزە چەکدارییەکەدابووە. ئەوانەی کە بەشدار بووبن لە بزوتنەوانەیەدا و خوێندەوارییەکیان و ڕۆڵێکییان هەبووبێت، لە حوجرەو ناوەند و دامەزراوە ئایینیەکانی سەردەمی خۆیان خوێندەواری فێربوون، بارگاوی بوونییان بە فێربوونە ئایینیەکان، نەیهێشتووە سەروسامان بدات بە دروست بوونی بیرێکی نەتەوایەتییانەی کوردییانە. وە هۆکارێکی تری گرنگی نەبوونی بیری نەتەوایەتی، پێگەی کۆمەڵایەتی و گەشەنەکردنی ئابووری و دروست نەبوونی ئابووری سەرمایەدارییە لە جوگرافییای نیشتەجێبوونی کورد. لەبەرئەوەی بیری نەتەوایەتی لە گۆڕانی کۆمەڵی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری هاتووەتە دروست بوون، سەرمایەداری سەرەتاو دەست پێکردنی شکڵ و شێوەدانە بەبیری نەتەوایەتی لە ئەورووپادا. کورد قۆناغی خێڵەکی و شوانکارەیی لە پێشتردا تێ نەپەڕاندبوو، وەهەروەها تا ئێستاش بیری خێڵەکی و شوانکارەیی درێژەی هەیە و هەتا ئەم سەردەمەی ئێستامان لە ناو زۆرێکی زۆری حیزبەکان، و بەناو ڕۆشنبیرەکانیش. لەبەرئەوە گومانم هەیە کە بیری نەتەوەیی لە ناوکورددا گەشەی کردبێت و شکڵی گرتبێت یان هەر هەبێت. دوای ئەوە بیری نەتەوایەتی لە ئەورووپا و جیهاندا، چی خێرێکی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە؟! بێجگە لە دروستبوونی فاشیزم و نازیزم و ئاپارتایت، کە هۆکاری کوشت بڕو هەتککردنی جنسی مرۆڤایەتیە لەسەر ڕووی زەویی.

لێرەوە، بگەڕێینەوە سەرباسی بیری نەتەوایەتی لەلای ئۆجالان، بۆ دەڵێم ئۆجالان لەبەرئەوەی ئەوەی لە پەکەکەدا دەگووزەرێت، دامەزراوەیەکی فکری کە چەند کەسێک تییایدا بنووسن و بیربکەنەوە بوونی نییە. تەنها ئۆجالانە بیرییان بۆ دەکاتەوەو بڕیار دەدات. بەشێکی زۆری ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە ڕەگوڕیشەی لەناو میندنتالیێتی خێڵەکی تاکڕەوانەی بڕیاردانی سەرۆک خێڵێکدا هەیە و بەرجەستە دەبێت. ئۆجالان بەچەند ویستگەیەکدا تێپەڕیکردووە تا گەیشتووە بە بەم جۆرەبیرکردنەوەیەی کە لەژێر چەتری کۆنفیدراڵی دیموکراتیی بەیانی دەکات، بەخش دەکرێت بەسەر ئەندامانی پەکەکەدا. چۆن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، پەکەکە و بەتایبەتتر ئۆجالان ئەیانووت پێش ئەوەی هەرشتێک بێت، کوردبە، ڕەگوڕیشەی ئەم بۆچوونە هی ئازاد مستەفای پارتی پاسۆک بوو، ئاواش سەرچاوەی بیری ئێستای ئۆجالان تێروانین و بیری مۆرەی پۆکجینە. بەڵگەی ئەمەش ئەو نامە گۆڕینانەوانەی نێوان کۆتاییەکانی ژیانی مۆرا و ئۆجالانەوە بوو لەڕێگەی چەند ڕۆژنامەوانێکی ئەورووپییەوە. بناغەی ئەو فکرەیەش دەچێتەوە سەر لیبرتارییەکان، ئەمانیش دوو باڵی تا ئاستێک جیاواز لەیەکتریان هەیە. باڵێکییان بڕوایان بەوە هەیە کە بۆ جێکەوتەکردنی دادپەروەری لە بازاڕو لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەڵێن پێویستە دەوڵەت بەشێوەیەکی بەشەکی دەستی هەبێت لەو پرۆسەیەدا، ئەمانە باڵی مینارکییان پێ دەوترێت. باڵی ئانارکییەکەشی، بڕوایان بەهیچ بەشدارییەکی دەوڵەت نییە بۆ هیچ کارو فەرمانێک. ئەمان پێیان دەوترێت لیبرتارییە ئانارکییەکان مۆرەی پۆکجین یەکێک لەوانەیە. کۆنفیدراڵی دیموکراتی، بۆ

## چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بەبڕوای مارکسیستەکان و کۆمۆنیستە زانستیەکان لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بی چین و توێژ و بێ دەوڵەتدا بە ئەنجامی بنجبڕ خۆی دەگات...

ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پێکەوەگرێدانی پشتی بە دامەزراندن و پێکهێنانی پەیوەندی کۆنفیدراڵییانەی نێوان کۆمۆنی بچوکی گەڕەک و ئەنجومەنە جیاوازەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی شارەوانی شارو لادێکان دەبەستێت. کۆمۆنالیزمی دیموکراتی ئێستای بیری ئۆجالان، پشت بە خواست و بیری نەتەوایەتی نابەستێت، ئەمەش وای کردووە کە ئەم جۆرە هەڵوێستەی لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیا، و پرسی نەتەوەی کوردا هەبێت. کۆنفیدراڵی دیموکراتی، پرۆسێسکردنی دیموکراسی ڕاستەوخۆیە، وەکو ئەوەی کە لە یۆنانی پێش زایندا بەیان دەکرا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەمە لەسەردەمی بوونی دەوڵەت و دەوڵەت نەتەوەدا ئیمکانی جێبەجێکردنی هەیە؟! بێگوومان نەخێر، لەبەرئەوەی بوونی دەوڵەت، هۆکارە بۆ

## شێوازی فیدراڵیەت یان دەوڵەت نەتەوە ناتوانێت تۆزێك لە ئازاری ماندووبوون و چەوسانەوەی ماددی و کاری بەکرێ کرێکاران و زەحمەتکێشان کەم بکاتەوە...

هەڵوەشانەوەی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لەلایەک و ئەو جۆرە سۆشیالیزمەی کە ئەم ڕێبازە ئانارکییە گرتوویەتەبەر. خەیاڵپلاوی ئەوەیە کە پێت وابێت سۆشیالیزم بە هەموو باڵەکانییەوە، لەچوارچێوەی دەوڵەتدا جێبەجێ دەبێت وەکو ئەوەی کە ئێستا ئۆجالان بەیانی دەکات. دەوڵەت نەتەوە هەرچەندە قێزەون و بەدڕەفتارە، بەڵام هێشتا کۆتایی نەهاتووە. ئەم هۆکارانە وادەکات، ئەگەر دەوڵەتی تورکیا سیاسەت و جیاکاری شۆفێنییانەو ئاپارتایدی ڕەگەزی نەگۆڕێت، ئەوا چونەپێشەوەی چارەسەری پرسی نەتەوایەتی مەحاڵە. هەروەها گۆڕینی دەستووری تورکیا و هەڵوەشانەوەی دەوڵەت لەئێستادا مەحاڵەو ئیمکانی نییە. هەروەها سیاسەت و میتۆدی دەوڵەتی تورکیا، ناتوانێت کۆنفیدراڵی دیموکراسی پەیڕەوبکات. لەبەرئەوە بۆ ئەم قۆناغە پرسی نەتەوایەتی کۆتایی پێ نایەت. پەیامەکەی ئۆجالان، ناتوانێت چارەسەری پرسی نەتەوایەتی کورد بکات. لەبەرئەوە ئەم مۆدیلەی خەباتی پەکەکە لەچارەسەری کێشەکاندا ڕوو لەشکستە، ئەگەر گۆڕینی شێوازی خەباتیش بێت، لەبەرئەوەی دامەزراندنی کۆنفیدراڵی دیموکراسی و بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی پێویستی بە نەمانی دەوڵەت و سیستەمی دەوڵەتداری هەیە لەهەموو جیهاندا.

**بۆپێشەوە: چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی چ کاریگەرییەکی لەسەر چارەسەری پرسی کورد دەبێت لە تورکیا؟**

**نەجمەدین فارس:** تا ئاستێکی باش لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشترتاندا وەڵامیم داوەتەوە. بەڵام ئەوەی لەم پرسیارەدا بۆ من گرنگە ئەوەیە کە ئایا خەباتی گەریلایی و چەکداری ئەتوانێت پرسەکانی وەکو پرسی نەتەوایەتی یەکلا بکاتەوە؟! بۆ ئەم حاڵەتی چەکدارییە دوو لایەنی هەیە، یەکەم: هێز نواندنی چەکدارییە لە بەرامبەر دەوڵەتدا، لەئێستادا ناوزەند دەکرێت بەکاری تیرۆریستی، دەوڵەت ئەتوانێت ڕووی ڕاستەقینەی خەبات ئەگەر هەبوو بە ئاڕاستەی کاری تیرۆریستی ناوزەند بکات و ڕووی ڕاستەقینەی ماف و داخوازییەکان بگۆڕێت بەوەی هێزێکی تیرۆریستی دژە سیستەم و مافی مرۆڤەکانی جاڕنامەی گەردوونییە (لەسیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی شتێک نییە ناوی مافی مرۆڤ بێت). دووەم: هێزی چەکداری زۆرجار لە پرۆسەی ئەنجامدانی کارەکانیدا، هەلومەرجی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوەو ئاڕاستەی ماف و داخوازییەکان بەئاقارێکی تردا دەبات. هۆکاری دوورکەوتنەوەی خەباتی ئامانجدارە بەئاڕاستەی گۆڕانی بنەڕەتی، بۆ ئاڕاستەیەکی شێواوی ناجۆرو بازرگانیکردن بە چەک و گیان و جەستەی مرۆڤ و کوشت و بڕی ناڕەوای ناشیرین و بێ ئامانج، هەروەکو ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە. بەشێکی درێژەپێدانی جەنگی چەکداری لە نێوان کورد و دەوڵەتی توورکیادا، هۆکارەکەی بازرگانییەکی قازانجهێن بووە بۆ پلەدارانی باڵای سەربازی تورکیا بە گیان و چەک و کەلوپەلی سەربازییەوە.

هەندێک حاڵەت لە ڕابردووی سەدەی پێشودا نەبێت، هێزی چەکداری نەیتوانیوە چارەسەری ڕزگاری گەلان و کێشە ئێتنیەکان بکات. گەشەی ئابووری سەرمایەداری و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای سەربازی و بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد لە بەرهەمهێنانی چەکدا، باری هێزەکانی بەلای هەردوولای بەهێز و بێهێزدا گۆڕییوە هەتا ئاستێک هێزی بچووک و گەورەی نەهێشتووە. کێ خاوەنی زیرەکی دەستکردە، خاوەنی هێزە. لەبەرئەوە چەکدانان یان چەکدار بوون لەئێستادا، ناتوانێت چارەنوسی پرسەکان بەتایبەتتر پرسی نەتەوایەتی یەکلایی بکاتەوە. چارەسەری پرسی کورد، لەڕێگەی بڕوابوونی هێزە کاریگەرەکان و ئەندامانی کۆمەڵگە و کارەکتەرەسیاسیەکانە کە کاریگەریان هەیە لە ئێستای دەوڵەتەکاندا، چارەسەری پرسەکە بەوە دەکرێت کە بڕوایان بەوە هەبێت کە هەموو هێزو ئێتنیە جیاوازەکان یەکسان و هاوتان لە ئەرک و مافدا. سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دادپەروەرانەو یەکسان بۆ هەمووان فەراهەم بکەن و بکرێت. پێم وانییە سیستەمی ئێستای دەوڵەتەکان، بتوانن یان بییانەوێت ئەوە بەئەنجام بگەیەنن. لەبەرئەوەی بوونی کێشەی بەردەوام، چ ئابووری بێت یان ئێتنی بێت، هۆکاری درێژەدان دەبێت بە مانەوەی سیستەمی ئێستای سەرمایەداری لیبراڵی. لەبەرئەوە وای بۆ دەچم کە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بەئەنجامی ئەرێنی وەکو ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە تورکیا خواستیەتی نەگات.

چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بەبڕوای مارکسیستەکان و کۆمۆنیستە زانستیەکان لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بی چین و توێژ و بێ دەوڵەتدا بە ئەنجامی بنجبڕی خۆی دەگات.

**بۆپێشەوە: ململانێی نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراقدا، ڕیشەی لە چیدایە؟ ئایا ئەمە ئاکامی فیدرالیزمی قەومییە یان وەکو بەشێک لە سەرانی حزبەکانی دەسەڵات دەڵێن، پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە دەستور و فیدرالیزم؟**

**نەجمەدین فارس:** ململانێی نێوان ئۆلیگارشی کورد و ئۆلیگارشییەکانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی، بۆ خۆڵکردنە چاوی کرێکاران و چەوساوەکان و توێژەکانی تری سەرتاسەری کۆمەڵگەی عێراقە، لە پێناوی درێژەدان بەدەسەڵاتی چەوسێنەری توێژێکی جەردەو ڕاووڕوتکەری هەردوولا. ئەم جۆرە ململانێیانەی نێوانیان، پیشاندانی ڕووی بەناو نەتەوەیی و نیشتمانییانە بۆدەنگدەر و هاووڵاتیان و موچەخۆرانیان گوایە ئاوا داکۆکی لە مافەکانیان دەکەن. گەرمکردن و پەمدانی گڕی بەناو ناسیونالستیانەیانە لەبەرامبەر یەکتردا. بەخاتری خۆڵکردنە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژەکانی تری کۆمەڵگەیە، بۆ خستنە سەرڕێگای دژایەتی کردنی یەکتری نێوان

چینە چەوساوەکانی سەرتاسەری عێراقە، لادانییان لەڕەوتی خەباتی یەکگرتوویی چینایەتی دژی دەسەڵاتی ئۆلیگارشیەکانی هەرێم و بەناو حکومەتی عێراق. هاڕینی خواست و خەباتی چینایەتییەو هەژارکردنی زیاتریانە بە قازانجی سەرمایەداران و مانەوەی خۆیانە لە دەسەڵاتدا.

کێشەکە لەبوونی فیدرالیزمی نەتەوەیی یان نا نەتەوەیدا نییە، بەڵکو کێشە لە خودی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو سیستەمی کاری بەکرێیە. سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی و کاری بەکرێکەی، ناوەڕۆکی پەیوەندیەکانی لەسەر بناغەی ململانێ بەندە، بەشێکی گرنگی ململانێیەکی ناڕاستەوخۆیە لەگەڵ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکەی. هۆکارە بۆ درێژکردنەوەی بەرەنگاری سەرمایەداری لیبراڵی دژی دژبەرەکەی لەڕێگەی ئەوجۆرە ململانێیە درۆزنانەیەی ئۆلیگارشی کوردو عەرەب لە عێراقدا. هەروەها هاڕینی خواستی و ویستی مێژوویانەی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەیە لە نێوان هەردوو بەرداشی ئۆلیگارشی ڕاووڕوتکەری کوردو عەرەب.

بمانەوێت و نەمانەوێ، لەناو لایەنە شیعە مەزهەبەکان و نەتەوەپەرستەکانی عەرەبدا، لەهەردوو ڕووی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە، بڕوابوون بە مەرکەزیەت زیاترە، وەکو لەوەی بڕوایان بە بەوەبێت کە ئەوانی تر وەکو خۆیان سەیربکەن و چاولێ بکەن. ئەو مافەی کە بۆ بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەبینن، بۆ ئەوانی تریشی ببینن و پێ بزانن. ئەمەش ڕیشەو سەرچاوەکەی بۆ ئەو ماکە دەگەڕێتەوە کە بیری ئایینی و مەزهەبی و نەتەوایەتی هەڵیگرتووە. درووستکردنی هەموو ئەو ململانێیانەیە.

پەیوەند بە گۆڕینی شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەڵام ئەگەر ئەوانیش بڕوایان بەفیدراڵی نەمابێ، بەپێی دەستوور ئاسان نییە، لەبەرئەوەی دەستووری عێراق لەڕووی شێوەی هەموارکردنەوە، دەستوورێکی جامدە، ناتوانرێت لەڕێگەی ئەو جێبەجێکردنانەوە ئەنجام بدرێت کە دەستوورێکی ئاسایی و مەرن لە ڕووی هەموارکردنەوە هەیەتی. لەبەرئەوەی هەر هەموارکردنێک لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دا، بەپێی بڕگەی (٤) چوار لە ماددەی ١٤٢ ئەگەر دوو لەسەر سێی دانیشتوانی سێ پارێزگا لە ڕاپرسی گشتیدا دەنگیان بە نەخێر دا، ئەوا هەموارکردنەکە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئێستا هەرێم بووە بە چوار پارێزگا، لەبەرئەوە زۆر قورسە بەڕێگایەکی ئاسایی گۆڕینی شێوەی بەڕێوەبردنی فیدراڵیانەی دەوڵەت لە عێراقدا. بێجگە لەوکاتانەی کە کودەتای سەربازی یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوویدات. هەموو ئەو قسانەی کە سەرانی ئۆلیگارشی هەرێم و ئۆلیگارشییانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دەیکەن، شێوازێکی تری بەکارهێنانە بۆ هاڕینی پەیوەندی چینایەتی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان لەسەرتاسەری عێراقدا، لەپێناوی درێژەدان بەم جۆرە دەسەڵاتەی هەرێم و حکومەتی فیدراڵە. ئۆلیگارشی دەسەڵاتداری هەرێم کارێکی کردووە بەبرسیکردنی مووچەخۆران و چین و توێژەکانی خوارەوە، دانیشتوانی هەرێم بڕوایان بەدەسەڵات و هەرێمایەتی هەرێم نەمێنێت. واتە شێوازی فیدراڵیەت یان دەوڵەت نەتەوە ناتوانێت تۆزێک لە ئازاری ماندووبوون و چەوسانەوەی ماددی و کاری بەکرێ کرێکاران و زەحمەتکێشان کەم بکاتەوە.

**سیستەمی لیبراڵیزم دەست لە هەموو خزمەتگوزاریەک دەکێشێتەوە و خۆی وەکو پاسەوان ئەسەپێنێ، بەڵام پاسەوانێکی ڕەوشت دز، هەر خەریکی ڕاووڕووت و دزینی بەرهەم و توانای هاووڵاتیەکانییەتی...**

**بۆپێشەوە: فەرمانبەرانی کوردستان، لە ململانێی نێوان بەغدا و هەرێمدا، قوربانی سەرەکین، هۆکاری درێژەکێشانی گرفی موچە چییە و کێ بەرپرسیارە، دەسەڵاتی بەغدا یان دەسەڵاتی هەرێم یان هەردووکیان؟**

**نەجمەدین فارس:** درووستکردنی کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، لەپێناوی برسیکردن و داخزانی ئەو توێژەی کۆمەڵگەیە بۆ چینە هەژارەکەی کۆمەڵگەی هەرێم. هەر وەکو ئەفلاتون دەڵێت: لەسیستەمی ئۆلیگارشیدا، یاسایەک دادەنرێت مەرج بوونی ئیمتیازی ئۆلیگارشی بوونە، ئاستێک لەسەروەت و سامان دیاری دەکەن، تیایدا چەند زیاتر بوو ئۆلیگارشیەت بەهێزتر دەبێت، وەئەگەر ئاستێکی لە خوارتری هەبوو ئەوا ئۆلیگارشیەت بێهێز دەبێت. وە هەموو ئەوانە بێ بەش دەکەن لە بەڕێوەبردنی ئەرک و ئامانجی گشتی کە سەروەتەکەیان ڕێگەیان پێ نادات بگەنە ئەو ئاستە لە ئۆلیگارشی. هەموو ئەمانەش بەهێزی چەکدار جیبەجێ دەکەن، هەتا ئەگەر دەستوورەکەشیان ڕێگەشیان پێ نەدات، ئەو جۆرە لە تیرۆر بکەن. دەسەڵات و دەوڵەتی ئۆلیگارشیەکان لەبنەڕەتدا دەبێت بە دوو دەوڵەت لەسەر یەک زەوی، یەکێکیان هی دەوڵەمەندەکانە و ئەویتریان هی هەژارەکان. بەبەردەوامی ئۆلیگارشیەکان فێڵ و پیلان لەدژی ئەوانی تر دەگێڕن. وا لە مرۆڤەکان دەکات هەموو شتێکیان بفرۆشن و ئەوانی تر بەدەستیان بهێنن و ئەمەش سیفاتی بەهەژاری بوونی تەواوەتی بۆ ئەو بەشەی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنێت. ئێستا ئۆلیگارشیەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە سەردەمی لیبراڵیزمدا ئەوە جێبەجێ دەکەن. سیستەمی لیبراڵیزم دەست لە هەموو خزمەتگوزاریەک دەکێشێتەوە و خۆی وەکو پاسەوان ئەسەپێنێ، بەڵام پاسەوانێکی ڕەوشت دز، هەر خەریکی ڕاووڕووت و دزینی بەرهەم و توانای هاووڵاتیەکانییەتی. حکومەتی فیدراڵ مووچەی موچەخۆران وەکو سیاسەت بەکاردەهێنێت بۆ چاوبەستکردنی هاووڵاتیەکانی و لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بەکاری دەهێنێت، بەدڵسۆزی سەروەت وسامانی عێراق خۆی پێ دەنوێنێت، خولێکی تر درێژە بە ژیانی دەسەڵاتی دەدات. ئۆلیگارشیانی دەسەڵاتی هەرێمیش، وەکو مەوقفی نەتەوەیی پیشانی دەدەن گوایە دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵ قوتی مووچەخۆران دەبڕێت، ئەم بابەتەش دەکات بە هۆیەک بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی تر ئەو هەوادارییەی کە بۆ مانەوەی هەرێم بۆ حیزبە بۆگەن کردووەکانیان کەمی کردووە بیگێڕنەوە شوێنی خۆی و کۆیلایەتی و بازرگانیەکەیان لە هەرێمدا بەردەوامی و درێژە پێ بدەن. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەردوولای هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دووڕووی یەک دراون، لەپێناوی هەژارکردنی چین و توێژەکانی دەرەوەی ئۆلیگارشییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.

**بۆپێشەوە: ڕێگاچارەی پرسی موچە چییەو فەرمانبەران چ ڕۆلێکیان دەکەوێتە سەرشان بۆ کۆتاییهێنان بەم گرفتە؟**

**نەجمەدین فارس:** لە سایەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەی کە لێرە هەیە، مووچەخۆران بەبەردەوامی ژیان و مووچەکانیان لەبەردەم هەڕەشەدایە. هەر وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشودا بەیانم کرد. کۆتاییهێنان بەو کێشەیە پێویستی بەگۆڕانی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەوە هەیە. سیستەمی کاری بەکری و سەرمایە، لەسیستەمی سەرمایەداری لیبراڵیدا، بگۆڕێت بە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێ چین و توێژەکۆمەڵایەتیەکان، کە تییایدا مرۆڤەکان هەرکەسە بەپێی تواناکانی ئیش بکات، هەرکەسەش بەپێی پێویستی بەدەستهاتووەکانی سەردەمەکەی دەستبکەوێت. بەبڕوای من بێجگە لەمە هیچ چارەیەکی تر، ناتوانێت ئەوکێشەیەو کێشەکانی تریش چارەسەری بنجبڕیان بۆبکرێت. چونکە لەوکاتەدا هیچ کەس ناتوانێت یاری بە ژیان و قوتی مرۆڤەکان بکات، هەمووان بەهاوبەشی کارو ژیانیان بەڕێوەدەبەن. ئەگەر چارەسەری کاتی بێت و هێزێکی ڕێکخراوی شۆڕشگێر لە ئێستادا بوونی نییە، خۆپیشاندانی بەردەوام و ڕێکخراوی هەموو چین و توێژەکانی دەرەوەی دەسەڵات و بەناو حیزب و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عەقڵیەت دۆنکیشێۆت ئاسا خۆیان کردووە بەپاڵەوان، ڕێکخراو بکات. لەسەرتاسەری هەرێم ئەوە دەخوازێت، داخوازی و سەپاندنی گەڕانەوەی سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی دزراو، لەلایەن دەسەڵاتی ئۆلیگارشی هەرێمەوە، ئەگینا هیچ چارەیەکی تر نییە، لەبەرئەوەی درێژە بەم هەلوومەرجە دەدەن لە ئەنجامی بێدەنگی مووچەخۆران. بەبڕوای من خۆپیشاندانەکان دەبێت ئامانجی سەرتاسەری ڕوون و دروستی شیاوی ژیانێکی سەردەمییانەی بۆیان هەبێت.

**بۆپێشەوە: لەناو جەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، چۆن دەڕوانە ئاییندەی سیاسی کوردستان؟**

**نەجمەدین فارس:** لەئێستادا بە هۆکاری ئەوەی کە هێزێکی شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی زانستی بوونی نییە، دەسەڵاتی ئۆلیگارشی هەرێم، درێژکراوەی سیستەمی ئۆلیگارشی سەرمایەداری لیبراڵی جیهانییە، ئایندەی سیاسیەکەی، پەیوەستە بە سیاسەت و ئامانجی زلهێزەکانی جیهانەوە. هەر گۆڕانکارییەک بێتە پێشەوە، لەوە دەچێت هەرێمی کوردستان بەشێکی بێت لەو گۆڕانکاریانە. لەبەرئەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە ناوچەکە و دەورووبەردا ڕوویدات، ناکرێت هەرێم وەکو خۆی بمێنێتەوە، گۆڕان لە جیۆسیاسی ناوچەکە، ئەگەری فراوانکردنی جوگرافیای هەرێم زیاترە، لەبەرئەوەی کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە، کە گۆڕانکاری ڕوویدات لە ناوچەکەدا ئەو چوار وڵاتە دەگرێتەوە، چونکە ئەو جوگرافیایەی کە کوردی تیادا دەژی، سنوورەکانی بەیەکەوەیەو ئەو جوگرافیایەش دەتوانێت گۆڕانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بگۆڕێت. لەلایەکی تر ئەو جوگرافیایەی کورد کە تیایدا دەژی، سەرچاوەیەکی زۆروو زەبەندی وزەی تێدایە لە نەوت و گازی سروشتی و هەروەها میتاڵی زۆری جۆراوجۆری قازانج گەیەنەر بە سیستەمی دەوڵەتە زلهێزەکانی سەرمایەداری لیبراڵی جیهانی. گۆڕانکارییەکان لەڕووی خزمەتکردنی مرۆڤایەتیەوە ڕوونادەن، ئەوەی چاوی لێدەکرێت گەیاندنی قازانجە بە سەرمایەی جیهانی. لەبەرئەوە بە بڕوای من هەرێمی کوردستان ئەگەر فراوان نەکرێت، ئەوا لە ناویش نابرێت، ئەبێتە ناوەندی چەوسانەوەی هاووڵاتیەکانی و هەژار کردنیان، سوودو قازانج بۆ ئۆلیگارشی سەرانی هەرێم و جیهان دەبێت، بەشمەینەتیش بۆ چین و توێژەکانی خوارەوە. لەبەرئەوەی هێزێکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراوی گۆڕانکار لە ناوچەکە و هەرێمدا بوونیان نییە، هەر گۆڕانکارییەک ببێت بە سوودی

**لەبەرئەوەی هێزێکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراوی گۆڕانکار لە ناوچەکە و هەرێمدا بوونیان نییە، هەر گۆڕانکارییەک ببێت بە سوودی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکەو هەرێم نابێت...**

## درێژەی: گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ نەجمەدین فارس...

کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکەو هەرێم نابێت.

**بۆپێشەوە: چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە دۆخی ئێستادا و دەبێ هەڵگری چ پلاتفۆرم و نەخشە ڕێگایەک بن، بۆ ئەوەی ببن بە بکەری کارا لەم هەلومەرجەدا؟**

**نەجمەدین فارس:** کۆمۆنیستە زانستیەکان، بڕوادارن بە زانست و بیروبڕوای مارکسیزم، هەوڵدەدەن لەگەڵ کۆمەڵگەدا، شکۆو مافی زەوتکراویان،بەدەست بهێنینەوە،کەس ئاغاوکوێخاو دەوڵەمەندوو سیاسی ودەسەڵاتدار نەبێت بەسەر هیچ کەسێکی ترەوە. ئێمەی کۆمۆنیستە زانستیەکان تواناو هەوڵ و دەستمان دەخەینە ناو دەستی چینی کرێکارو توێژەکانی تری نارازی کۆمەڵگەو هەموو مرۆڤێکی خوازیاری دادپەروەری و یەکسانی،لەپێناوی کۆتاییهێنان بەم جیاوازی کۆمەڵایەتی و ئابووریەی ئێستا لەکۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە.

بۆبەدەستهێنانی داخوازی و مافەکانمان،لە کلپەکردنی نارەزایەتیەکانی چینی کرێکارو توێژەکانی تری نارازی کۆمەڵگەو ویستیان بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان،بەخۆپیشاندان ونارەزایەتیەکان و ڕاپەڕینەکانیان، پێوویستمان بەخۆڕێکخستن و ئامانجدارکردنیانە.

لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانم ئەم پلاتفۆڕمە بخەینە بەردەستی چینی کرێکارو توێژە نارازیەکانی کۆمەڵگەو هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز،تابتوانیین بەهەموومان ژیانێکی شایستەی سەردەمییانە بۆهەمووان فەراهەم بێت، هیچ کەس پلەی باڵاو جیاوازی نەبێت، بەئامانجی بەدەستهێنانیان پێوویستە.

ئەرکی کۆمۆنیستەزانستیەکانە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەنە کردارو ئەرکی هەنووکەییان:

**١-پێویستە کۆمۆنیستەکان، دەست بخەنەناو دەستی یەک و هەماهەنگی نێوانیان و لەگەڵ هاوچینەکانمان یەکدەست و بەجیاواز لەسەرانی پارت و ڕێکخراوەکانی ئەم ناوچەیە ئامانجەکانمان یەکبخەین و بەئەنجامی بگەیەنین.**

**٢- کۆبونەوەمان لە دەووری ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چین و توێژەکانی،لەسەر بناغەی یەکسانی و دادوەری بێت.**

**٣- دەستبردن بۆ پێکهێنانی (شورا، ئەنجومەن، کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان،...) یان هەرناوێک کە گونجاوبێت بۆ ئەو ناوەندەی کە تیایدا پێکدێت.**

**٤- هوشیارکردنەوەی هاوچینەکانمان و توێژە نارازییەکانی کۆمەڵگە بە بیری سۆشیالیستی زانستی مارکس و ئەنگلز.**

**٥- لەسەر ئاستی کۆمەڵگە کۆکردنەوەو هاوخەباتی کۆمۆنیستەکان لە دەوری ئامانج و ئاسۆی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە.**

**٦- پەیوەندیکردن و هەمەئاهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو کەس و ناوەندانەی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، بۆئاڵوگۆڕی هەلومەرجی داسەپاوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستای سەرمایەداری لیبراڵی و ئۆلیگارشی بۆ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی- ئابووری دادپەروەرانە.**

**٧- پێکهێنانی ناوەندێک کە پێکهاتبێت لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی هەموو شار و ناوەندەکانی تری شارەکانی هەرێم و عێراق و ناوچەکە.**

**٨- دەستبردن و کارکردن بە ئاسۆی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیی و هەر ڕاپەڕینێک و ئامانجدارکردنیان لەناو کۆمەڵگەدا، بە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی چینایەتی بە سیستەمێک کە هیچ چینێک بوونی نەبێت.**

**هەروەها بەبڕوای من پێویستە بۆ ئامانجەکانمان، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە لەبەر چاوبگیرێت:**

**١-کارکردن لەپێناوی گۆڕینی هەلوومەرجی کۆمەڵگەو سیستمی سەرمایەداری، بەکۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوساندنەوە .**

**٢- ڕێکخستنی سیاسیانەی چینی کرێکار و توێژەکانی کۆمەڵگەیە، لە چوارچێوەیەکدا،ئامانجی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی هەلومەرجی سیستمی ئۆلیگارشی سیاسی و ئابووری و سەربازی داسەپاویان هەبێت.**

**٣- چەسپاندنی مافەکانی هێزی کاری بیرو بازووی چینی کرێکار و تووێژە کەم دەستەکانی کۆمەڵگە لەشوێن و ناوەندەکانی کارکردندا.**

**٤- وەستانەوە بەڕووی هەموو ئەو سیاسەت و ئامانجانەی کۆمپانیا گەورەو فرەڕەگەزانەی جیهان و ناوچەکە و بانکی نێودەوڵەتی و هاوشێوەکانی،کە سیاسەتی برسیکردن ودادۆشینی ئابووری کۆمەڵگەکان پەیڕەودەکەن،لەپێناوی قازانجی زیاترو کەڵەکەی سەرمایەدا.**

**٥- ئامانجمان ڕاوەستانەوە و دژایەتیکردنی هەموو ئەو سیاسەتانە بێت، دەسەڵاتداران و سەرمایەداران لەناوچەکەدا پەیڕەوی دەکەن دژی مافەکانی تاک بەتاکی کۆمەڵ.**

**٦- ئامانجمان ڕاوەستانەوەو دژایەتیکردنی هەموو ئەو جەنگە ناوخۆیی و دەرەکیانەی دەسەڵاتداران و سەرمایەداران بێت لەناوچەکەدا دروستی دەکەن و هەڵیدەگیرسێنن بە قازانجی خۆیان، هەروەها بەزیان و لەناوبردنی گیانی مرۆڤەکان.**

**٧- ئامانجمان جێخستنی بەشداری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار و توێژەکان بێت بەسەر ناوەندو داموودەزگاکانی کارکردن و بەرهەمهێنان،بەبێ جیاوازی و پلەبەندی کردن.**

**٨- ئامانجی بنەڕەتیمان گۆڕینی سیستمی دابەشکردن و پەیوەندی کاروسەرمایە بێت، بەسیستمی ئابووری کۆمەڵایەتی (هەرکەس بەپێی تواناکەی،هەرکەس بەپێی پێویستیەکانی ژیانی سەردەمەکەی).**

ئەمانە ئەو ئەرک و ئامانجانەن، کە بەپێویستی دەزانم، لە دەستووری کاری کۆمۆنیزمی زانستی مارکسیستەکاندا ڕەنگ بداتەوەو بەرجەستە بێت لە ئێستاو ئایندەی خەبات و تێکۆشاندا.

********

## درێژەی دوا وتە

سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئیران لە بنەڕەتدا بەدوای ئەو ئامانجەوەیە.

بۆ دەوڵەتی ئیران، لە کاتێکدا پەڕو باڵەکانی لە وێستگەی یەکەمی جەنگی نیوان ئیسرائیل و حەماسدا، کراوە و هیزە نیابەتیەکانی لە حەماسەوە بۆ حزب الله تیکشکاون، بەروخانی رژێمی بەشار ئەسەد، هەژموونی لە ئاستی ناوچەکەدا پاشەکشەی پیکراوە. هاوکات حوسیەکانی یەمەن و هیزەکانی حەشدی شەعبی لەبەردەم گوشار و هیرشی ئەمریکادان و خودی باڵادەستی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا، دریژکراوەی برگەی یەکەمی جەنگەکەو ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکایە.

ئیران لەم دۆخەدا پێویستی بە بەرگری لەخۆیەتی و نایەوێت لە ناوچەکەدا بە لاوازی بمێنێتەوە و جەمسەرەکانی تر باڵادەستیان لەناوچەکەو بەتایبەتیش ئیسرائیل پیگەی زاڵ و جێگیر بێت. بۆ ئیران دەستراگەیشتنی بەچەکی ئەتۆمی دەتوانێ نەک قەرەبوونی لاواز بوون و لەبەین چوونی هیزە نیابەتیەکانی بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت ئیران بکاتەوە بە یاریزانێکی کارا لە ئاستی ناوچەکەدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەفەرمی بناسێت، دیارە دەستراگەیشتنی ئیران بە چەکی ئەتۆمی بۆ بەکارهێنان و پیشبرکێی چەکی ناوکی نییە، بەڵکو بۆ جێخستنی باڵادەستی خۆیەتی وەکو جەمسەرو قوتبێکی ناوچەیی.

ئیران وەکو دەوڵەتێکی کارا و جیو سیاسی و ستراتیجی و لەناوچەکدا، وە بەوێنەی جەمسەرێکی گەورە مل بەو پیگەیە نادات کە ئیستا بۆتە ئەمری واقع. ئیران هەم نیگەرانی باڵادەستی دەوڵەتی ئیسرائیل و هەم نیگەرانی باڵادەستی دەوڵەتی تورکیایە و هاوکاتیش پێگەی لە عێراقدا لەبەردەم هەرەشەی بەردەوامدایە، بۆیە دەیەوێت باڵانسێک لە نێوان خۆی و جەمسەرەکاندا لە ڕێگای ڕیکەوتن لەگەڵ ئەمریکا زامن بکات... واتە چ ئەمریکا و چ ئیران بەدوای بەرژەوەندی واوەتر لەپرسی ئەتۆمی و پیتاندنی یۆرانیۆمدایە.

دەوڵەتی ئەمریکا گێرانەوەی ئیران بۆ ڕیکەوتنی بەرجام و سنوردارکردنی تواناییەکانی بەدوای لاواز بوون و جلەوکردنی هیزە نیابەتیەکانی، دوور راگرتنی ئیران لە هاوپەیمانیەتی دوور مەوداو ستراتیجی لەگەڵ چین و روسیا، پارێزراوبوونی بەرژەوەندیەکانی، ئامانجی سەرەکیەتی... لەو نێوەدا پرسی چەکی ئەتۆمی و نیگەرانیەکانی ئیسرائیل لە دەست راگەیشتنی ئیران بە چەکی ئەتۆمی پرسێکی ترە.

ئەمریکا بە مەبەستی داسەپاندنی زۆرترین لە خواستەکانی و وەڵامدانەوە بە ویستی ئیسرائیلیش، دەیەوێت زۆرترین گوشار بەکاربهێنێت، ئەم هیرشەی ئیسرائیل بۆسەر ئیران هەنگاوێک لەو راستایەدایە.

ئەم هیرشەی ئیسرائیل و کاردانەوەی ئیران، بەدوور دەزانرێت ببێتە شەرێکی درێژ مەدودا، و پرسی روخاندنی رژێمی ئێرانیش لەئێستادا لە ئارادا نییەو ئەگەرێک نییە. بۆ ئەمەریکا و پشتیوانیشی لە ئیسرائیل، ئامانج ڕیکەوتنە لەگەڵ ئێران و ڕیگەگرتنە لەوە ئێران هەڕەشە بێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی لەناوچەکەدا کە بەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و باڵادەستی ئیسرائیل، لاواز بوونی رۆڵی چین و روسیا، بەرەو سەر چووەو رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆتەوە بەشێک زۆنی باڵادەستی ئەمریکا... ئەمریکا دەیەوێت ئەو باڵادەستی و پیگەیەی جێگیر بکات.

دەوڵەتی ئیران لە ژێر گوشاری پیگەی لاوازبووی ئێستایداو بەهێرشی راسپێردراوی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکاوە، ناچارە بگەڕیتەوە بۆ ڕیکەوتن لەگەڵ ئەمریکادا. لەبەرامبەردا ئیران خواستی ئەوەی هەیە، وەکو هێزێکی کاراو ڕیگەپێدراو بە ڕیکەوتن لەگەڵ ئەمریکادا، لەناوچەکدا وەکو یاریزانیکی ناوچەیی بمێنێتەوە و جەمسەرێکی بەرەسمی ناسراوی ناوچەیی بێت لە گۆرەپانەکەدا. دەوڵەتی ئەمریکا لەو بارەیەوە کێشەیەکی نییە و دەیەوێت ئیران وەکو بلۆکێکی ناوچەیی لە بەرامبەر بە تورکیادا بمێنێتەوە بەو مەرجەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکە نەخاتە مەترسیەوە و لە دەستراگەیشتن بەچەکی ئەتۆمیش بەمەبەستی سەربازی، دەست هەڵبگرێت... ئیران و ئەمریکا سەرئەنجام لەو چوارچیوەیدا بەڕیکەوتن دەگەن و هێرشی سەربازی ئیسرائیل و کاردانەوە سەربازیەکانی ئیرانیش دریژە ناکێشێت و کۆتایی پێ دێت.

ئەم پرۆسەیەو ئەم ئاڵوگۆرانە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دۆخی تەواوی ناوچەکە و بەدیاریکراوی لەسەر سوریا و تورکیاو عێراق و کوردستان و هاوسەنگی هیزە سیاسیەکانی دەبێت...

سالی نۆهەم ژمارە (193) بەرواری 15-6-2025



بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
نەجمەدین فارس حەسەن، توانا حەمە نوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، رێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، ئیبراهیم حسێن، عەبدوڵا مەحمود، ، جەمال نوری، نەجم محەمەد، مەنسور حیکمەت، رێبوار حەمە شەریف...

دۆسیەی ژمارە "ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان، پرسی پەکەکەو کێشەی کورد و موچە و ئەرکی کۆمۆنیستەکان"

## میرولەکان.... جەمال نوری



مێروولەکان
خەریکی هێنانی تەزووەکانی
تیشکن :..
لە گیانی بێ گیانی مندا
تا خوێن نەمەیێن ..
هات و چوو بکا
بە جەستەو دڵدا...!

مێروولەکان
بەتاڵە ئاوریشمەکانی هەتاوا
خەریکی چنینی خۆرن
تا هەورو تەمی
خۆلە مێشی سینە،هەناسە ژەنگ نەگرێ و
دڵیش بە بەرد..!

مێروولەکان
بە بۆنی خاکا
دەچنەوە لای یەک
لە قوڵایی زەویدا
گوێی لە ئازارو ژانی خاکە
لەجێژووانا ..!
شوێن پێ ی ئاشق بەدەوری ئیشقا
مێروولە دەکا
تا بۆنی خاک و خۆلی ئەوین
بنیشێتە سەر مەزاری ئەم دڵە..!

## دوا وتە

# ئامانج لەهێرشەکانی ئیسرائیل و کاردانەوەی ئێران چییە؟

### عەبدوڵا مەحمود

لەناوجەرگەی بەردەوامی گفتۆگۆکانی ئەمریکاو ئێران... دەوڵەتی ئیسرائیل بە پشتیوانی هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا هیرشێکی فراوانی کردە سەر دامەزراوە سەربازی و هەواڵگری و بنکە ئەتۆمیەکانی ئیران، لەم هیرشەدا دەیان فەرماندەی باڵای سەربازی و هەواڵگری و پسپۆری بواری فیزیاو ئەتۆمی کوژران، لەپاڵ ئەمانەدا دەیان هاوڵاتی سفیل بوونە قوربانیی. لەبەرامبەر بە هێرشی ئیسرائیلدا، دەوڵەتی ئیران لە ڕێگای سەدان درۆن و موشەکەوە ئیسرائیلی بۆمباباران کرد.

لەو نێوەدا ئەمریکا نەک تەنها پشتیوانی لەهێرشی سەربازی ئیسرائیل کرد، بەڵکو بەپێداگری لەسەر دانووستانەکان و بەردەوامی کۆبونەوەکان، ئیرانی غافڵگیر کرد و ژینگەی بۆ وەشاندنی گەورەترین گورز بۆ سەر ئیران سازکرد.

پاساوی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ هێرشەکانی سەر ئیران، بەردەوامی ئیران و هەوڵەکانیەتی بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، ئیرانیش پیتاندنی یۆرانیۆم و بە مافێکی یاسایی خۆی دەزانێت و وەکو خۆیان رایان گەیاندووە مەبەستیان کەڵک لێوەرگرتنیەتی وەکو سەرچاوەیەکی وزە.

ململانێی نیوان هەردوو لا لەسەر دەستراگەیشتنی ئیڕان بە چەکی ئەتۆمی و ڕیگەگرتن لەوەی ئیران بەو ئامانجە بگات، تەنها ویستگەیەک و پاساوێکی دیاریکراوە بۆ ململانێیەکی گەورەتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لە هاوسەنگی هێزی تازەی ناوچەکەدا.

دەوڵەتی ئیسرائیل کە خۆی تاکە دەوڵەتی ناوچەکەیە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و لە پشتیوانی ئەمریکای خاوەن جبەخانەو بەکارهێنەری چەکی ئەتۆمی و وڵاتانی ئەوروپا بەهرەمەندە، دەیەوێت بە پاساوی نزیک بوونەوەی ئیران لە چەکی ئەتۆمی و خستنەروو وە قەبەکردنی هەوڵەکانی ئیران، مەترسی ئیران لەسەر داهاتووی ئیسرائیل و ناوچەکەو جیهان بخاتە روو، تا لەو ریگایەوە رەوایەتی بە هیرش و ملهوری خۆی لەناوچەکە بدات، ئەمەش ویستگەی دووەمی جەنگە، ئامانج لێی باڵادەستی خۆی و لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و جێگیکردنی ئەم باڵادەستیەیە.

ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل لە هاوسەنگی هیزی تازەی ناوچەکەدا، بەکەڵک وەرگرتن لە لاواز بوونی پیگەی ئیران لەبەین بردنی توانایی هیزە نیابەتیەکانی لەئارایشی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، خوازیاری باڵادەستی بەسەر بەسەر تەواوی رۆژڵاتی ناوەراست و تەواوی ناوچەکەدان و دەیانەوێت ئەم ناوچەیە بەتەواوەتی بکرێتە زۆنێکی دوور لە هەژموون و باڵادەستی چین و روسیا. چ گفتۆگۆکانی ئەمریکا لەگەڵ ئیران و چ هیرشە

بۆ لاپەڕە 14




بەرهەمی نوێی هونەرمەندان وریای رەسام و رێبوار یاسین...

